# نەوژین

ژمارە (٣٢) تەموزی ٢٠١٩

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات




به هەرەوەزیی خانەقین رەنگ دەکەن

7««

# ژنێـک کاندیـدی پۆسـتی جێگـری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانە



■ نەوژین

**بۆیەکەمجار ژنێک کاندیدە بۆ وەرگرتنی پۆستێک لە ئیدارەی گەرمیان، کە پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەکەیە.**

بەپێی زانیاریەکانی رۆژنامەی (نەوژین)، بۆ پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان کە تائێستا بەتاڵە و پڕ نەکراوەتەوە، (سروە محەمەد) بەڕێوبەری ناحیەی رزگاریی سەر بە کەلار، یەکێکە لە پاڵێوراوەکان.

ناوبراو جەختی لە زانیارییەکە کردەوە و بە (نەوژین)ی وت: ٣ کەس بۆ ئەو پۆستە کاندیدکراون کە ٢ پیاو و ژنێکن، بەڵام تائێستا بڕیاری کۆتایی لەوبارەوە نەدراوە.

(سروە محەمەد) یەکەمین ژنە کە لە گەرمیاندا پۆستی بەڕێوبەری ناحیەی وەرگرتبێت و تاکە ژنە کە لە دەڤەرەکەدا ئێستا ئەو پۆستەی هەبێت.

کاندیدکردنی ناوبراو لەلایەن چالاکوانانەوە پێشوازیی لێکراوە و بە «هەنگاوێکی باش» وەسف دەکرێت.

لەوبارەوە (شوکریە غەفور)، چالاکوانی ژنان، بە (نەوژین)ی وت: لەگەرمیان دا ڕێژەی ژنان لە پۆستە فەرمیەکاندا کەمە، بۆیە وەرگرتنی هەر پۆستێک لەلایەن ژنانەوە کارێکی پێویستە.

لە لاپەڕە (٢) دا راپۆرتێک لەوبارەیەوە دەخوێننەوە.

# گەرمیان: لەمساڵدا هیچ حاڵەتێکی کوشتنی ژنان تۆمارنەکراوە

■ نەوژین

**لەماوەی نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا لەگەرمیان هیچ حاڵەتێکی کوشتنی ژنان تۆمارنەکراوە، ئەمەش بەگوێرەی ئامارێکی فەرمیی.**

بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، لە ئامارێکدا ئاشکرای دەکات کە لەماوەی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵ دا لە سنوری ئیدارەی گەرمیان، هیچ حاڵەتێکی کوشتنی ژنان تۆمارنەکراوە، بەپێی بەدواداچونێکی (نەوژین)یش، لە مانگی حوزەیرانیش دا بەهەمانشێوە هیچ حاڵەتێکی کوشتنی ژنان تۆمار نەکراوە، بەمەش لەمساڵدا ناوچەکە هیچ حاڵەتێکی ژنکوشتنی بەخۆیەوە نەدیوە.

بەپێی ئامارەکە لە سنوری دەسەڵاتی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە گەرمیان، کە شارەکانی کەلار و کفری و ناحیەکانیان دەگرێتەوە بە ناحیەکانی ئەوبەری سیروانیشەوە، ئەمساڵ هیچ حاڵەتێکی کوشتنی ژنان تۆمارنەکراون، لەکاتێکدا بەکۆی گشتی ناوچەکان (١٨) حاڵەتی کوشتنی ژنانیان تێدا تۆمارکراوە.

بەپێی ئامارەکە، گەرمیان لەپێشەوەی ناوچەکانی دیکەیە کە هیچ حاڵەتێکی کوشتنی ژنانی تێدا تۆمار نەکراوە، بەپێچەوانەشەوە زۆرترین حاڵەتەکانی کوشتنی ژنان کە (٥) حاڵەتە، لە سنوری پارێزگای (سلێمانی) دا بوە.

لەبارەی توندوتیژییەکانی دیکەوە، ئامارەکە رونیدەکاتەوە کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاکۆتایی مانگی ئایاری ئەمساڵ لەگەرمیان، (٣٠٧) حاڵەتی توندوتیژی جۆراوجۆر لە سنوری گەرمیان دا تۆمارکراوە.

لە راپۆرتێکی ئەم ژمارەیەی (نەوژین) دا لە لاپەڕە (٢)، وردەکاریی زیاتری ئەم ئامارانە دەخوێننەوە.

# کچان لە کشتوکاڵ دا یەکەمن



6««



ژنە ئاژەڵدارەکەی باوەنور

5««



دۆخی مناڵانی گەرمیان لە (٢٠١٩) دا

8««



حەپی قەڵەویی سودی زۆرە یان زیان؟

10««

# گەرمیان: نیو ساڵی بێ خوێنڕشتنی ژنان

■ نەوژین

**ئەگەر بشێت ناوێک بەسەر نیوەی یەکەمی ئەمساڵدا بەسەر دۆخی ژنانی گەرمیاندا ببڕین، ئەوا رەنگە نزیکترین ناو لە واقیعەوە ئەوەبێت کە بڵێین: نیو ساڵی بێ خوێنڕشتنی ژنان بو.**

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم، لە پێنج مانگی ئەمساڵ دا هیچ حاڵەتێکی کوشتن و خۆکوشتن و خۆسوتاندنی ژنان لەگەرمیان تۆمارنەکراوە، حاڵەتەکانی توندوتیژییش بە گشتی دژ بە ژنان کەمبونەتەوە و لەبەرامبەریشدا سکاڵاکان زیادیان کردوە.

بەپێی ئامارەکانی ئەو بەڕێوبەرایەتییە، لە پێنج مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لە هەرێمی کوردستان (سەرەتای کانونی دوەم بۆ کۆتایی ئایار)، (١٨) ژن کوژراون و (٢٥) ژنیش خۆیان کوشتوە، لەو نێوەندەشدا پارێزگای سلێمانی لە پێشەوەی ناوچەکانی ترە لە کوشتنی ژنان بە (٦) حاڵەت، هەمان پارێزگا لە پێشەوەی پارێزگاکانی ترە لە زۆریی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی ژنان.

ئەم ئامارە ئەگەرچی هێشتا هەر بەرزە و دەرخەری ئەوەیە بەلای کەمەوە لە (١٠) رۆژدا ژنێک لە هەرێمی کوردستان دەکوژرێت، بەڵام هاوکات لەچاو ساڵی پار رێژەکە کەمترە بە (٤) حاڵەت.

پەیوەندیدار بە حاڵەتەکانی تری توندوتیژییەوە، ئەوا ئامارەکە ئاشکرای دەکات لەم پێنج مانگەدا (٨٩) ژن سوتاون و (٤٩) ژنیش خۆیان سوتاندوە. بەشی گەرمیانیش لەم حاڵەتانە کەمترینە لەچاو ناوچەکانی تر، کە تەنها (١) حاڵەتی سوتانی ژنانە.

> ئەمساڵ هیچ ژنێک نەکوژراوە و هیچ ژنێکیش خۆی نەکوشتوە

یەکێک لەو حاڵەتانەی کە بە شێوەیەکی بەرچاو بونی هەیە لەناوچەکان و هەست بە زیادبونی دەکرێت، توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسیە بۆسەر ژنان، کەبەپێی ئامارەکەی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، ژمارەکە بۆ ئەم پێنج مانگە (٤٣) حاڵەتە، بەشی گەرمیانیش لەم جۆرە توندوتیژیە دا (٣) حاڵەتە.

ئامارەکە دەریدەخات لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان دا حاڵەتەکانی (خۆسوتاندن، کوشتن، خۆکوشتن و دەستدرێژی سێکسی) کەمیان کردوە، لەبەرامبەریشدا حاڵەتەکانی (سوتان و تۆمارکردنی سکاڵا) زیادیان کردوە، وەک لەو خشتەیەی سەرەوەدا رونکراوەتەوە.

| حاڵەتەکان | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | بەراورد |
|---|---|---|---|
| سوتان | ٦٧ | ٨٩ | ٢٢ حاڵەت زیادیکردوە |
| خۆسوتان | ٥٥ | ٤٩ | ٦ حاڵەت کەمی کردوە |
| کوشتن | ٢٢ | ١٨ | ٤ حاڵەت کەمی کردوە |
| خۆکوشتن | ٣٢ | ٢٥ | ٧ حاڵەت کەمی کردوە |
| سکاڵا | ٣٧٠٧ | ٤٠٧٥ | ٣٦٨ سکاڵا زیادی کردوە |
| دەستدرێژی سێکسی | ٤٦ | ٤٣ | ٣حاڵەت کەمی کردوە |

**ئاماری ٥ مانگی حاڵەتەکانی توندوتیژي دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان**

لەبارەی تۆمارکردنی سکاڵاوە، ئامارەکە رونیدەکاتەوە کە (٣٦٨) حاڵەت زیادیکردوە.

ئەم زیادبونەش بەرای بەرپرسێک لە بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان، حاڵەتێکی ئیجابیە.

رەوەند سابیر، بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و پەیوەندییەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، بەسایتی (رۆژنیوز)ی وتوە: «ئێمە هیچ کاتێک دڵمان بەو ئامارانە خۆش نییە، چونکە هەر ئامارێک ئەوەمان پێدەڵێت لە کۆمەڵگادا ژنێک دەبێتە قوربانی، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشیە ساڵ بە ساڵ رێژەی سکاڵا زیاد دەکات».

ئەو بەرپرسە پێیوایە ئەمە دەرخەری ئەوەیە کەوا «کۆمەڵگای کورد و ژنان بە تایبەتی هۆشیار بونەتەوە لە چۆنیەتی وەرگرتنەوەی مافەکانیان لە رێگای تۆمارکردنی سکاڵاوە».

لەبارەی ناوچەی گەرمیانیشەوە، ئامارەکانی ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتییە دەریدەخەن لە سێ بواری توندوتیژی دا (کوشتن، خۆکوشتن، خۆسوتاندن) هیچ حاڵەتێک تۆمارنەکراوە لەم پێنج مانگەدا، حاڵەتی (سوتان) تەنها یەک دانە بوە و دەستدرێژی سێکسیش (٣) حاڵەت.

لەبارەی سکاڵاکانیشەوە، ئامارەکە رونیدەکاتەوە لەم ماوەیەدا (٣٠٣) سکاڵای دژ بە توندوتیژی جۆراوجۆر، لەگەرمیان تۆمارکراون.

---

# بۆیەکەمجار ژنێک کێبڕکێی وەرگرتنی پۆستێکی ئیدارەی گەرمیان دەکات

## چالاکوانێک: پشتگیریی (سروە خان) دەکەین بۆ وەرگرتنی پۆستەکە



> ٢ پیاو و ژنێک بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پاڵێوراون

> وەرگرتنی ئەو پۆستە لەلایەن ژنێکەوە، هەنگاوێکی باشە

■ نەوژین، زریان محەمەد

**بۆ یەکەمجار ژنێک کاندیدە بۆ وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، چالاکوانێکیش بونی ژنان لەو پۆستانەدا بە پێویست دەزانێت.**

پاش خانەنشین بونی (عەبدوڵڵا ئەنوەر)، تائێستا پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان بە چۆڵی ماوەتەوە، بۆ پڕکردنەوەیشی چەند کەسێک کاندیدن کە یەکێک لەوان ژنە و دوانیان پیاون.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەی (نەوژین)، بەڕێوبەری ئێستای ناحیەی رزگاریی (سروە محەمەد)، یەکێک لە کاندیدەکانی وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانە.

لەوبارەوە (سروە محەمەد) جەختی لە زانیارییەکە کردەوە و رایگەیاند کە لەلایەن حزبەکەیەوە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) پشتگیرییکراوە و کاندیدکراوە بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە لەگەڵ ٢ کەسی تر، بەڵام ئاماژەی بەوەکرد کە هێشتا ئەو پرسە یەکلایی نەکراوەتەوە و حکومەت هیچکام لەو کاندیدانەی هەڵنەبژاردوە، بۆیە نایەوێت لە ئێستادا هیچ لەوبارەیەوە بڵێت.

سروە محەمەد، هێمای بۆ ئەوەشکرد کە ئەو لەو سۆنگەیەوە خۆی کاندید کردوە بۆ ئەو پۆستە، کە پێیوایە پێویستە ژنان رۆڵی زیاتریان هەبێت لە حکومەت و دەسەڵاتی ناوچەکە.

وتی: لەگەرمیان دا ژمارەی بەڕێوبەرانی ژن زۆر کەمن، تەنها یەک بەڕێوبەری گشتی ژنمان هەیە و تەنها یەک بەڕێوبەری یەکەی ئیداری ژنمان هەیە.

لەو سۆنگەیەشەوە (سروە محەمەد) پێدانی هەر پۆستێک بە ژنان بە ئاراستەی هاوسەنگبونی زیاتری باڵانسی جێندەریی نێوان ژنان و پیاوان لە پۆستەکانی گەرمیان، بەگرنگ دەزانێت.

سروە محەمەد، یەکەمین و تاکە ژنە کە لەگەرمیان دا پۆستی بەڕێوبەری ناحیەی وەرگرتوە، بەگشتیش لەم ئیدارە نیمچە سەربەخۆیەدا رێژەی ژنان لە پۆستە باڵاکاندا زۆر کەم و سنورداره.

بەپێی ئامارێکی پێشوتری (نەوژین) کە لە ئیدارەی گەرمیانەوە دەستی کەوتوە، لەکۆی سەروی ٧٠ پۆستی بەڕێوبەری جۆراوجۆری سنورەکە، ژنان نزیکەی ١٠ پۆستیان هەیە و هەندێک لەوانەش کاتین.

بەرای چالاکوانێکی ژنان، وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەلایەن ژنێکەوە، هەنگاوێکی دروست و باشە.

شوکریە غەفور، بە رۆژنامەی (نەوژین)ی وت: ژنان لەدەنگدان و بوارەکانی تردا بەشدارییەکی چالاکیان هەیە، بۆیە هەقە لە پۆستەکانیشدا بەشی پێویستیان پێبدرێت.

وتیشی: لەگەرمیان دا رێژەی ژنان لە پۆستە فەرمیەکاندا کەمە، بۆیە وەرگرتنی هەر پۆستێک لەلایەن ژنانەوە کارێکی پێویستە.

ئەو چالاکوانەی بواری ژنان، پشتگیریی خۆیشی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان لەلایەن ژنێکەوە دەربڕی و پێیوایە «هەنگاوێکی باشە».

وتیشی: پشتگیریی (سروە خان) دەکەین بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە.

# زیانی مادە پاککەرەوەکان بۆ پێستی ژنان

## پزیشکێکی پسپۆڕ: دەبێت لە بەکارهێنانی دا دەستکێشی تایبەت لەدەست بکرێت

■ نەوژین، ئەسما کەریم

**وێڕای ئەوەی مادە پاککەرەوەکانی وەک (فاس و عیملاق) لەلایەن بەشێک لەژنانەوە بۆ خاوێنکردنەوە و رەونەقدارکردنی ماڵەوەیان بەکاردێن، بەڵام بەوتەی پسپۆڕان هەر ئەم مادە خاوێنکەرەوانە زیانی ئێجگار زۆر بە جەستە و پێستی ژنان دەگەیەنن.**



(رێواز) یەکێکە لە ئافرەتانەی کە مادەی خاوێنکردنەوەی بۆ پاککردنەوەی گەرماو و تەوالێتی ماڵەکەی بەکارهێناوە، وەکخۆی ئاماژەی پێدەکات ئەگەرچی هەندێک جێگای ماڵەکەی بۆ رەونەقدار کردوە، بەڵام بەهۆیەوە توشی نەخۆشی هەستیاری پێست بوە.

رێواز عوسمان، ٢٦ ساڵ، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «چەند ساڵێکە مادەی پاککردنەوەی ماڵ بۆ بریقەدارکردنی کاشی تەوالێت و حەمامی ماڵەکەم بەکاردێنم، چونکە لەکاتی بەکاهێنانی ئەم مادانەدا دەستکێشم لەدەست نەدەکرد و ماوەیەکی زۆر لەو جێگایە دەمامەوە کە فاسم تێدا رژاندبو، لەبەر ئەمە توشی حەساسیەت بوم».

بەشێکی تر لەژنان وای بۆ دەچن لەدەستکردنی دەستکێش لەکاتی بەکارهێنانی ئەم مادە خاوێن کەرەوانەدا، هۆکارە بۆ ئەوەی کەمتر بەر پێستان بکەوێت و زیانیان پێدەگەیەنێت.

سۆزان عەبدولخالق، ٢٩ ساڵ، وتی: «ماوەی دە ساڵ عیملاق بۆ شۆردنی زەوی ماڵەوە بەکاردەهێنم، بەڵام لەکاتی بەکارهێنانی دا دەستکێش لەدەست دەکەم و تاوەکو ئێستا هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندوم».

ئەم رێگەیەش ئەگەرچی باشترە، بەڵام بەوتەی پزیشکێک بەتەواوی دڵنیاکەر نیە، چونکە ئەو مادانە دەبێت دەستکێشی تایبەتیان بۆ لەدەست بکرێت.

د. چێنەر یاسین، پزیشکی پسپۆری نەخۆشیەکانی پێست، هۆشداری دایە ژنان کە مادە پاککەرەوەکان دەستکێشی تایبەت بە خۆیان هەیە و نابێت هەمو جۆرە دەستکێشێک لەکاتی بەکارهێنانی دا بکرێتە دەست.

ئەم قسەیە ژنێکیش جەختی لێکردەوە. ڤینۆس خەتاب، ٢٩ساڵ، بۆ (نەوژین) دوا: «لەکاتی بەکارهێنانیدا گەرچی دەستکێشیشم لەدەست دەکرد، بەڵام پەنجەکانم توشی حەساسیەت بو».

سەبارەت بە زیانەکانی ئەم مادانەش بەتایبەتی لەسەر پێست، (د.چێنەر یاسین) بەردەوام بو لەپێدانی رونکردنەوە لەمبارەیەوە «پێویستە ژنان تا بۆیان دەکرێت زۆر کەم ئەم مادە پاککەرەوانە بەکار بێنن، چونکە زیانێکی زۆر بەپێستی جەستەیان دەگەیەنێت و هۆکارە بۆ توشبون بە نەخۆشی ئێکزیما».

ئەو پزیشکە جەختیشیکردەوە کە نابێت بەهیچ جۆرێک ئەو کەسانەی نەخۆشی هەستیاریی پێستیان هەیە، مادەی پاککەرەوە بەکار بهێنن.

زیانە تەندروستیەکانی مادە پاککەرەوەکانی ناو ماڵ، تەنها لە پێست دا کورت نەبوەتەوە، بەڵکو زیانی بۆ سینگ و چاویش هەیە.

(ڤینۆس) ئاماژەی بەوەکرد کە بەوهۆیەی رێژەیەکی زۆری لەو مادانە بەکارهێناوە، توشی کێشە بوە لە سینگ و هەناسەدان دا، ئەمە سەرباری ئەوەی چاوی توشی «کزانەوە» کردوە.

> پێویستە ژنان
> کەم مادە
> پاککەرەوەکان
> بەکار بێنن

هەندێک لە ژنان درکیان بە مەترسیەکانی ئەم مادە پاکژکەرەوانە کردوە، هەربۆیە شوێنگرەوەیان بۆ داناون و ماڵەکانیان بە مادەی تر خاوێن دەکەنەوە.

ئەوین وەهاب، ٢٧ ساڵ، بۆ (نەوژین) دوا: «کاتێک زانیم مادە خاوێنکەرەوەکانی ماڵ زیان بە پێستم دەگەیەنن، چیتر بەکارم نەهێنایەوە، بەڵکو لەبری ئەوە هەندێک شتی ترم وەک جێگرەوەیان داناوە، ئێستا بۆ پاککردنەوەی کاشی گەرماو و تەوالێتی ماڵەکەم سرکە لەگەڵ خوێ و لیمۆدۆزی بەکار دەهێنم».

لەمبارەیەوە پزیشکی پسپۆڕی پێست (د. رەمزی عەبدولجەبار) هۆشداریی دا کە سرکە زیانی بۆ پێست دەبێت و بەپێویستی زانی لەکاتی بەکارهێنانی دا، دەستکێش بەکاربهێنرێت.

---

جوڵەیان زۆرە و قسەکردنیان کەم

# چۆن چارەسەری منداڵانی «فرە جوڵە» بکەین؟



**جوڵەیەکی زۆرە و لەبەرامبەریشدا گوفتار و دەربڕینی لاواز و کەمە.**

■ نەوژین، فاتمە جمعە

**ئەگەرچی منداڵەکەی (شەیما) تەمەنی ٦ ساڵە، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە منداڵانی تر، ئەوەیە کە خاوەنی**

ئەو لە تەمەنی ٢ ساڵ و نیوی دا هەستی بەم دۆخەی منداڵەکەی کردوە، بۆیە کەمتەرخەمی نەکردوە و بردویەتی بۆ لای پزیشکی پسپۆڕ و چارەسازیی دەرونی و ئێستاش لە سەنتەرێکی تایبەت دا راهێنانی پێدەکات، وەکخۆی هێمای بۆ دەکات دۆخی تادێت باشتر دەبێت.

کێشەی منداڵەکەی (شەیما)، هاوشێوەی زۆر منداڵی ترە، ئەوانە کە لە زانست دا بەوەناودەبرێن حاڵەتی «فرەجوڵەیی»یان هەیە، واتا منداڵێلێکی بزێوی پڕ جوڵەن، بەڵام گوفتار و قسەکردنیان لە ئاست تەمەنەکەیان نییە و خراپە.

شەیما جمعە، ٣٥ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، لەبارەی دۆخی منداڵەکەیەوە وتی: هەر لەمناڵیەوە جوڵەی زۆر بو، بەڵام قسە و دەربڕینی کەم بو، نەماندەتوانی بەباشی لێی تێبگەین.

وتیشی: ئێستا ٣ ساڵە لە سەنتەرێکی تایبەت دا راهێنانی پێدەکەم، زۆر هەست بەباشبونی دەکەم لەڕوی رەفتار و قسەکردن و دەربڕینی هەستەکانیەوە.

> چارەسەری ئەم
> حاڵەتە بەپێی
> ئاستەکەی
> دەستنیشان
> دەکرێت

ئەگەر بۆ دایکان و باوکان توشبونی هەمو نەخۆشیەک کە پەیوەندیی بە لایەنی رەفتار و دەرونەوە هەبێت مایەی شۆک بێت، ئەوا بۆ پزیشکان حاڵەتێکی ئاساییە و چارەسەری هەیە.

د. ئۆرهان نازم، پزیشکی پسپۆڕی منداڵان، بۆ (نەوژین) وتی: «هەندێک کات روبەڕوی حاڵەتی منداڵی فرە جوڵە دەبینەوە، ئامۆژگاری ئێمە بۆ دایکان و باوکان ئەوەیە کە پێیان ئاسایی بێت سەردانی کەسانی شارەزای دەرونی بکەن بۆ چارەسەری منداڵەکانیان».

وادیارە بەشێک لە دایکان و باوکان بەلایانەوە گرانە سەردانی چارەسازیی دەرونیی بکەن، بەڵکو لەبری ئەوە خۆیان هەوڵدەدەن دۆخی منداڵەکانیان باش بکەن.

سیما، ٢٨ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، خاوەنی دو منداڵە کە یەکێکیان «فرەجوڵەیە». وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات تاکو ئێستا سەردانی کەسێکی پسۆری لەو بوارە نەکردوە، ئەگەرچی خۆی دەیوت ئاساییە کە ئەوکارە بکات، بەڵام وادیارە هێشتا بەلایانەوە گرانە دان بە بونی گرفتێکی دەرونی لە منداڵەکەیان دا بنەن، هەربۆیە خۆیان راهێنانی پێدەکەن.

هۆکارەکانی توشبون بەم حاڵەتە جیاوازە، لەنێوی دا زۆر تەماشاکردنی تەلەفزیۆن.

نەهلە تالب، ٣٣ ساڵ، مامۆستایە، کچەکەی حاڵەتی «فرە جوڵەیی» هەیە، هۆکاری رودانی حاڵەتەکەش بۆ بەردەوام سەیرکردنی تەلەفزیۆن دەگێڕێتەوە.

وتی: «کچەکەم بەردەوام سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد، ئەمە بەهۆکار دەزانرێت بۆ توشبونی بەم حاڵەتە».

ئایا زانست و بەتایبەت زانستی دەرونی چۆن لەم حاڵەتە دەڕوانێت و چارەسەرەکانی چین؟

سنور ئەحمەد، توێژەر و راهێنەری دەرونی، رونکردنەوە بۆ (نەوژین) دەدات.

وتی: ئەم حاڵەتە بە دۆخێکی لاوازی گەشەی کۆمەڵایەتی ناو دەبرێت، بەوەی گوفتار و کرداری منداڵەکان لەدوای تەمەنیانە، ئەمجۆرە منداڵانە کیشەی جەستەیی و عەقڵیان نییە، بەڵام ناتوانن هەستەکانیان بە باشی دەرببڕن، لەکاتێکدا لە تەمەنیکدان درک بە زۆر شت دەکەن.

(سنور) هۆکاری ئەم حاڵەتە بۆ ٣ بوار دەگێڕێتەوە «هۆکارەکانی بۆ نالەباری ژینگەی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و لەگەڵ جیاوازی کەسایەتی منداڵەکە دەگۆڕێت، واتا دەگونجێت یەکگرتنی هەرسێ لایەنەکە بێت، یاخود تەنها لایەنیک هۆکاربێت بۆ ئەم حاڵەتە».

ئەو توێژەرە پێیوایە کە حاڵەتە بەکارکردنی بەردەوام دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، ئەویش بەپێی ئاست و دۆخەکەی.

وتی: «چارەسەری ئەم حاڵەتە بەپێی ئاستی حاڵەتەکە لەمنداڵەکە دا دەستنیشان دەکرێت، بەڵام واباشترە دایکان و باوکان پەیوەندی بەردەوامیان لەگەڵ تویژەری دەرونی و کۆمەڵایەتی باخچە یاخود قوتابخانەی منداڵەکەیان دا هەبێت و چاودێریی بەرەوپێشەوەچونەکانی بکەن».

شیلان محەمەد:

# پارتە سیاسییەکانی کوردستان ژنانی کەمتوانا دەهێننە پێشەوە



■ **نەوژین، سازان مستەفا**

**نوسەر و چالاکی سیاسی (شیلان محەمەد) پێیوایە کە دەبێت ژنان سڵ لە قسە و قسەلۆکی کۆمەڵگا نەکەنەوە لە کارکردن لە بواری سیاسەت دا، دەڵێت: «سەردەم سەردەمی خۆسەلماندنە».**

شیلان محەمەد، دەرچوی کۆلێژی یاسا و رامیاری زانکۆی سلێمانیە، بەرپرسی راگەیاندن و کاروباری ئەندامانانە لە نوسینگەی سلێمانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ناونیشانی (مشاور سیاسی). لە دیدارێکی (نەوژین) دا، قسە لەسەر رۆڵ و بەشداری ژنان لەکاری حزبی و سیاسی دا دەکات لە سنورەکە.

*** بۆچی ژنان بەتایبەت لە گەرمیان دا کەمتر دەچنە نێو بواری سیاسییەوە؟ تەنانەت لێکۆڵەر و نوسەر و رۆژنامەوانی ژنی سیاسیشمان کەمە، هۆی ئەمە چیە؟**

نەک تەنیا ژنانی گەرمیان، بەڵکو سیاسەت بۆ ژنان خۆی بوارێکی نوێیە بۆ ژنانی عێراق و ناوچەکە و دواتر سیاسەتکردن بۆ هەردو رەگەز پێویستی بەتوانای خودی و مەعریفی و ئەزمون و پشودرێژیی و توانای بڕیاردان هەیە، سیاسەتی راستەقینە کە پشت نەکاتە مۆراڵ، زرنگی و توانایەکی فرەی دەوێت.

*** قسەیەک هەیە کە گوایا ژنان کەمتر سیاسەت بەلایانەوە جێی بایەخە، ئەم قسە رەگەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

بەهۆی پەروەردە و ئایینەوە کە یەکسانی بۆ ژن و پیاو فەراهەم نەکردوە، بەشێوەیەکی گشتی تێڕوانینی باوی کۆمەڵ بۆ پیاو ئەوەیە (کە پیاوان دەرەقەتی هەرچی کار و پیشەی قورس هەیە دێن) جا لە مێژوی فەرمانڕەوایەتی و سیاسەت کردندا، نمونەی هەزاران کاراکتەری نێری سیاسی فاشلمان هەیە، بۆیە لەم روانگەیەوەیە، دەوترێت: «جا ئەو کارە بەپیاو نەکرا، بەژن هەر ناکرێ!». ئەمەش ئەبێتە یەکێک لەو هۆکارانەی کەبایەخی ژنان بۆ کاری سیاسی کەم بێت، جگە لەوەی کاری سیاسی پێویستی بەدڵرەقی هەیە و سروشتیش دڵنەرمی بەژنان بەخشیوە.

*** دەوترێت سیاسەت وا وێناکراوە کە مەیدانێکی قورسە و شکان و هەستانەوەی زۆرە و ئەمەش لەگەڵ کەسایەتی ژن دا ناگونجێت، رات چیە؟**

راستە مەیدانێکی قورسە، بەڵام کەوتن و هەستانەوە لەهەمو کار و پیشەیەکدا هەن، لەگەڵ ئەوەشدا نمونەی ژنی سەرکەوتومان هەیە لەسیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا، وەک نمونەی: (ئەنجیلا مێرکڵ)ی راوێژکاری ئەڵمانیا، ئەو ژنانەی لە سلکی پەیوەندیە دەرەکی و دیبلۆماتییەکان لەرۆژئاوا کاریان کردوە یان راوێژکار بون، خۆ بەپێی ئەم قسەیە بێت، یانی پیاوان گوێ بە شکانی کەسایەتیان نادەن!

***ئەو بەشدارییەی ژنان هەیانە لەبواری سیاسی دا دەوترێت زۆرتر روکەشیە، ئەگینا ژنان رۆڵێکی ئەوتۆ لەو بوارەدا ناگێڕن، رای تۆ لەوبارەوە؟**

راستە؛ چونکە سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکانی کوردستان، نەخوێنەوار و دواکەوتون لەروی باوەڕدارییان بەپرسی یەکسانی و بالانسی جێندەری و بێ باوەڕیشن بەتوانا و لێهاتویی ژنان و لەهەمان کاتیشدا لەو وزەو توانا شاراوەی ژن ئەترسن کە ژن لەکاتی پیادەکردنی پیشەکەیدا بەکاری دێنێت، بۆیە هەر لەسەرەتاوە ژنانێکی کەمتوانا دەهێننە پێشەوە، کەنەتوانن ببنە کێبڕکێکاری راستەقینە و پێگەی پیاوان لەق بکەن، ئەو جۆرە ژنانەش زیاتر گوێڕایەڵی بڕیارەکانی سەرکردە پیاوەکانن، نەک خۆیان بڕیار دروستکەربن.

***وتەی تۆ بو ئەو ژنانەی دەیانەوێت بێنە ئەم بوارە، بەڵام بەهۆی قسەی خەڵک وکۆمەلگە ناتوانن؟**

پێمسەیرە لەم سەردەمەدا ژنانێک هەبن توانا و لێهاتوییان هەبێت و ئارەزوی کاری سیاسییان هەبێ و لەبەر قسەی کۆمەڵگە بترسن و کاری سیاسی نەکەن! ئەی ژنان لەو زیادەڕۆییە بۆ ناترسن کە لەبابەتی ئارایشتی جەستەو رواڵەتدا دەیکەن؟ بۆ لەو فەرامۆشکردنە فکرییە ناترسن کە کردونی بە دیلی پرسیارە نێرەکانی کۆمەڵگە و وەڵامێکی فکری و لۆژیکی ماقوڵیان بۆ پرسیارە ناماقوڵەکان پێ نییە؟ ئەی ئەو ژنانە بۆ ناترسن کە بەبێ توانای علمی و مەعریفی و هونەری و داهێنان، خۆیان کردوەتە پاڵەوانێکی قەشمەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیا؟ سەردەم سەردەمی پشتکردنە خەون و خولیاکان نییە، بەڵکو سەردەمی خۆسەلماندنە.

# لە پێبازەوە بۆ سەرۆکایەتی پارلەمان

■ نەوژین

**لە ماوەی یەک خول دا و بۆ دوەمجاری لەسەر یەک، ژنێک دەبێتە سەرۆکی پارلەمانی کوردستان، ئەمەش رێکەوتێکە کە پێشتر لەمێژوی نزیکەی ٢٠ ساڵی کاری ئەو پارلەمانەدا تۆمار نەکراوە.**

د. رێواز فایەق حەسەن، لە دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستان دا لە بەرواری (٢٠١٩/٧/١١) بە سەرۆکی نوێی پارلەمانی هەرێمی کوردستان-عێراق هەڵبژێردرا، ئەمەش دوای ئەوەی بەدەنگی زۆرینەی پارلەمانتاران لەجێگەی (د. ڤالا فەرید) کەبەشێوەیەکی کاتیی پۆستی سەرۆکی پارلەمانی وەرگرتبو، هەڵبژێردرا.

هەڵبژاردنی (د. رێواز فایەق) لەچوارچێوەی رێکەوتنی هەردو پارتی دەسەڵاتداری کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) دا هات بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لەنێوخۆیاندا، بەشێوەیەک ئەوەی یەکەمیان سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی لەلا دەبێت و دوەمیشیان سەرۆکایەتی پارلەمان وەردەگرێت. ئەم رێککەوتنەش هەروا ئاسان نەبو، بەتایبەت کە ئەو دو حزبە زۆر بابەتی ئاڵۆز و پرسی مۆلەقیان لەنێواندایە کە بە ناوخۆیی دەستپێدەکات و بە دەرەکیی کۆتایی دێت.

**سەرۆکی نوێی پارلەمان کێیە؟**

رێواز فایەق حسێن، وەک لە پرۆفایلە نمایشکراوەکەی دا لە سایتی پارلەمانی کوردستان دا هاتوە، لەدایکبوی کەلارە و ئێستا لە هەولێر دادەنیشێت.

ئەو لە بەرواری ١٩٧٧/٧/١ لە پێبازی سەر بە قەزای کەلار لەدایکبوە، لەگەڵ خێزانەکەی دا لە دەربەندیخان ژیاون و ئێستاش ماڵی باوکی هەر لەو قەزایەدایە، خۆیشی لە سلێمانی و ئێستاش لە هەولێر نیشتەجێیە.

سەرەتای تێکەڵبونی بە کاری حزبیی، لەرێگەی کۆمەڵەی خوێندکارانەوە بوە، کە یەکێک بوە لە کادیرە چالاکەکانیان، پاشان لەگەڵ دروستبونی رێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان کە رێکخراوێکی سەر بە یەکێتیی نیشتمانییە، بوەتە ئەندامی سکرتاریەت، هاوشانی ئەمانەش خوێندنی لە کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانی تەواو کردوە.

پاش تەواوکردنی کۆلێژی یاسا، ماوەیەک یاریدەدەری دادوەریی بوە لەدادگای بەرایی دەربەندیخان و پاشان بوە بە لێکۆڵەری دادیی لە هەمان دادگا، دواتر بوە بە لێپرسراوی بەشی یاسایی لەپەیمانگای تەکنیکی سلێمانی.

لەبواری یاسادا درێژە بەخوێندن دەدات و بڕوانامەی دکتۆرای تیادا بەدەستدەهێنێت، پسپۆڕیی ئەم بوارەشی یاسا و یاسای نێو دەوڵەتی و یاسای شارستانیە. دوای بەدەستهێنانی ئەم بڕوانامەیەش ماوەیەک وەکو مامۆستای زانکۆ کاری کردوە.

لەبواری سیاسی دا، لەدوایین کۆنگرەی یەکێتی نیشتمانی دا بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، پاشان وەکو ئەندامی سەرکردایەتی جێگیر کرا.

لە هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پارلەمانی کوردستانیشدا یەکێک بو لە کاندیدە دیارەکانی لیستی یەکێتی نیشتمانی و پاش هەریەکە لە (قوباد تاڵەبانی) و (بێگەرد تاڵەبانی)، لە پلەی سێیەمی کاندیدە دەرچوەکانی ئەو لیستەدا بو و توانی (٥٩٨٢) دەنگ بەدەستبێنێت.



پاش ئەوەی پۆستی سەرۆکی پارلەمان لەم خولەدا دیاریکرا بۆ یەکێتی، کێبڕکێ لەنێوان دو پارلەمانتاری ئەو حزبەدا هەبون بۆ وەرگرتنی پۆستەکە، ئەوانیش: (رێواز فایەق) و (بێگەرد تاڵەبانی) بون، سەرەنجام کیبڕکێکە بە سودی یەکەمیان کۆتایی پێهات.

(رێواز فایەق) یەکەم سەرۆکی پارلەمان نابێت کە لە سنوری قەزای کەلار لەدایکبوە، بەڵکو یەکەم سەرۆکی پارلەمانی کوردستان کە (جەوهەر نامیق)ە، بەهەمانشێوە لە گوندی (بەرلوت)ی سەر بە قەزای کەلار هاتوەتە دونیاوە.

وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی پارلەمان بەشێوەیەکی بەردەوام لەم خولەدا لەلایەن ژنێکەوە، پرسیاری ئەوەدەهێنێتە ئاراوە کە تاچەند بونی ژنان لەم پۆست و پێگە گرنگانەدا، دەبێتە هۆکاری باشتربونی رەوشی ژنان بەگشتی لەهەرێم دا و دەرگای بەشدارییەکی کاراش بۆ ژنان دەکاتەوە؟

# لە کەلار کاردەکات و لە شارەکانی ترەوە بەرهەمەکانی داوا دەکرێت

■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**لە حەوشەی ماڵەکەیدا سەرقاڵی بەرگ تێگرتنی دۆشەکێک بو، کارەکەی بە وردییەکی تەواو و خێراییەکی زۆرەوە دەکرد، دیمەنێک کارامەیی ئەو خاتونەی پیشان دەدا کە ماوەی ١٠ ساڵە بژێویی خێزانەکەی لە رێگەی ئەم کارەوە دابین دەکات.**



رەمزیە محەمەد، ٥٠ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلارە، ماوەی ١٠ ساڵە سەرقاڵی دروستکردنی دۆشەک و سەرین و مایەی نان کردنە.

لە دیدارێکی (نەوژین) دا باسی لەسەرەتای دەستپێکردنی کارەکەی کرد، وتی: «لەماڵی باوکم فێری ئەو کارە بوم، سەرەتا بۆ دوکانێک بەرهەمەکانم ئەدوری، دواتر خاوەن دوکانەکە کڕیارەکانی ئەناردە ماڵەوە بۆ لامان، تاوایلێهات لەناو خزم و دراوسێ و شارەکاندا ناوبانگی کارەکەم بڵاوبوەوە».

لەبارەی وردەکاریی کارەکەیەوە، ئاماژەی بەوەکرد کە بەرهەمەکانی بە لۆکە یان خوری دروستدەکات کە لەبازاڕ دا دەیانکڕێت و هەندێکجاریش کڕیارەکان خۆیان بۆی دەهێنن و ئەم بۆیانی دەدورێت. ئاماژەی دا ئێستا خواست لەسەر بەرهەمی لۆکە زیاترە، بە پێچەوانەی رابردو کە زیاتر خوری بەکاردەهێنرا.

سەبارەت بە نرخی بەرهەمەکانیشی، (رەمزیە) وتی: دۆشەک ئەگەر لۆکە بێت دانەی بە ٥ هەزار دینارە، ئەگەر خوری بێت و شیکردنەوەی بوێت بە ٧ هەزار دینارە.

ئەو ژنە باس لەوەدەکات کە هاوسەنگیی لەنێوان کارەکەی و هەروەها کاری ماڵەوەدا کردوە و رۆژانە بەپێی کاتی خۆی لە دۆشەکێک هەتا چوار دانە دروست دەکات، هەرچی بەرهەمەکانی تری وەکو سەرین و مایەی نانکردنیشە، ئەوانیش بەپێی داواکاری دروستیان دەکات، ئەگەرچی خواست لەسەر ئەمانە کەمترە.

ئاماژەی دا کە ئەو کارە هەر لە حەوشەی ماڵەوەیان دا دەکات و ژوری تایبەتی نیە، ئەگەرچی نەیشاردەوە حەزی بە دروستکردنی ژورێکی تایبەتە بۆ ئەم کارەی، بەڵام وادیارە بۆی هەڵناسوڕێت.

ئەو ژنە کارکەرەی رزگاریی، خێزاندارە و خاوەنی ٦ مناڵە (٣ کچ و ٣ کوڕ)، لە رێگەی کارەکەیەوە بەشێکی بەرچاوی بژێویی ژیانیان دابین دەکات.

ئەم ماندوبون و کارکردنەی (رەمزیە)، لەلای منداڵەکانی دا رێزلێگیراوە.

سەرگوڵ سەلام، ٢٣ ساڵ، کچی (رەمزیە)یە و مامۆستایە، وەسفی کارکردنەکانی دایکی کرد و بەژنێکی «ئازا» ناوی برد کە هاوشانی باوکی تێدەکۆشن لەپێناو خێزانەکەیاندا.

ئاماژەی بەوەشکرد ئەوانیش هەندێک هونەری ئیشەکە لەدایکیانەوە فێربون لەوێنەی شیکردنەوە و تەقەڵلێدان، ئەگەرچی بە بزەیەکەوە دانی بەوەدانا کە ناگەن بە لێهاتویی دایکیان.

کارەکانی ئەم ژنە وایانکردوە ناوبانگێکی باشی هەبێت و خەڵکی لەکاتێکدا بیانەوێت دۆشەک بەکرد بدەن، رو لەم بکەن.

سۆیبە، ٤٠ ساڵ، دانیشتوی ناحیەی رزگاریە و یەکێکە لە کڕیارەکانی (رەمزیە)، وتی: زیاتر لە ٤ ساڵە (رەمزیە) دۆشەک و سەرینم بۆ دروستدەکات، نەک تەنها خۆم، بەڵکو خزم و ناسیاوەکانیشم هانداوە بێنە لای ئەو، چونکە زۆر لەکارەکانی رازیم و هەڵسوکەوتی زۆر گونجاو و جوانە.

وادیارە هەر ئەم هەڵسوکەوت و کارامەیی و گونجاویەیە کە وایکردوە نەک هەر لە رزگاریی، بەڵکو وەکخۆی ئاماژەی بۆدا، کڕیاری لە شوێن و شارەکانی تریشەوە بۆ بێت.

---

# ژنە ئاژەڵدارەکەی باوەنور





■ نەوژین، چڕۆ حەسەن

**(توبا) وەک ژنانی دیکەی نەکردوە، ئەو کاتێک هاوسەرەکەی کۆچی دواییکردوە، دەستبەرداری ژیان نەبوە و بەرپرسانە چوەتە ژێر باری بەخێوکردنی خێزانەکەیەوە، لەرێگەیەکی زۆر سادەوە توانیویەتی هەر شەش منداڵەکەی بە باشی پەروەردە و گەورە بکات.**

توبا ئەحمەد حسێن، ٤٣ ساڵ، ژنێکی دانیشتوی ناحیەی باوەنوری سەر بە قەزای کەلارە. بەبێ هاوسەرەکەی توانیویەتی سەرکەوتوانە بژێویی خۆی و خێزانە شەش کەسیەکەی پەیدا بکات، ئەویش لەرێگەی ئاژەڵدارییەوە.

ئەو پێش شەش ساڵ مێردەکەی لەدەستدا، ئەم روداوە یەکێک بوە لە کۆستە گەورەکانی ژیانی، بەتایبەتی کە هاوسەرەکەی تاکە دابینکەری بژێویی خێزانەکەی بوە و پاش خۆی ٦ منداڵی بەجێهێشتوە کە یەکێک لەمنداڵەکان هێشتا نەهاتبوە دونیاوە و (توبا) پێی دوگیان بوە.

بەڵام ئەو ژنە لێنەگەڕا ئەو کۆستە سەری خۆی و خێزانەکەی بخوات، بەڵکو بوێرانە روبەڕوی ئەو دۆخە نوێیەی ژیانی بویەوە و لەرێگەیەکی زۆر سادە و ئاسانەوە، دەستی بە ژیاندنی خێزانەکەی کردوە.

«بیرم کردەوە کارێک بکەم کە قازانجی هەبێت بۆم و لەهەمان کاتیشدا نزیک بم لەمنداڵەکانمەوە، بۆیە دەستمکرد بە بەخێوکردنی ئاژەڵی ماڵیی وەکو: (مریشک، قاز و مانگا)». (توبا) وای وت.

ئەوەی هاوکاریی ئەم ژنە بوە بۆ ئەوەی لەم کارەدا سەرکەوتو بێت، جگە لە سوربون و پێداگیرییەکەی، ئەو ئەزمونەش بوە کە هەیبوە، بەوپێیەی کچی لادێ بوە شارەزایی لە بەخێوکردنی ئاژەڵ دا هەبوە، هەربۆیە سەرەتا بە چەند ئاژەڵێکی کەم دەستی بەکارکردن کرد و پاشان هەم ژمارەی ئاژەڵەکانی زیاتر کرد و هەمیش قازانجیشی زیاتر بوە.

ئەگەرچی وەکخۆی ئاماژەی بۆ دەکات، قازانجی کارەکەی ئەوتۆ نیە، بەڵام توانیویەتی بژێویان دابین بکات و چاو لە دەستی کەس نەبن. وتی: «مەبەستی سەرەکیم لەم کارەدا ئەوەیە کە بتوانم بژێوی ژیانی منداڵەکانم پەیدا بکەم , هەرچەندە قازانجی کەمیشی هەیە بۆ ئەم رۆژگارە، بەڵام بەناچاری خۆمان لەگەڵی گونجاندوە».

ئەو کارەی (توبا) کردویەتی و دەیکات نامۆ نیە بە ژنان و بەتایبەت ژنانی گەرمیان، ئەوان کاتێک مەسەلەکە دەبێتە پاراستن و ژیاندنی منداڵ و خێزانەکانیان، لە هیچ قوربانیدانێک ناپەرمونەوە.

نەوەکانی ئەم ژنە گەرمیانیە، بە گەورەییەوە لەکارەکەی دایکیان دەڕوانن و دڵخۆشن بە قوربانیدانەکانی لەپێناویان دا.

نیگار، یەکێکە لە کچەکانی «دادە توبا» بۆ (نەوژین) وتی: دایکم جیا لە رۆڵی دایکایەتی خۆی کە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئێمەیە، هەوڵیداوە هەر هیچ نەبێت خەرجی رۆژانەمان دابین بکات.

وتیشی: «دایکم وەکو نمونەی دایکێکی قارەمان دەبینم، هەمیشە نزای لەشساغی بۆ دەکەم، چونکە هیچ کات نەیهێشتوە بێناز بین و جێگای باوکی بۆمان گرتوەتەوە».

ئەوەی (توبا) کردویەتی، لەچاوی ژنانی دیکە و بەتایبەت دراوسێکیانیەوە کارێکی گەورە بوە و بە چاوی رێزەوە تەماشای دەکەن.

(مەریەم) یەکێکە لە دراوسێکانی (توبا)، بۆ (نەوژین) دەڵێت: دادە توبا ژنێکی بەتوانا و بەجورئەتە، بەمانای وشە جێی شانازیە، چونکە سەرەڕای لەدەستدانی هاوسەری و چەندین ناڕەحەتی و نەهامەتی تاقەتپڕوکێنی تر، بەڵام هەمیشە لە خەمی خزمەتکردنی منداڵەکانیدا بوە بۆ ئەوەی خۆشبەختیان بکات.

بە لای خودی (توبا)شەوە ئەوەی کە دەیکات ئەرکێکە و بەجێی دێنێت، هانی ژنانیش دەدات بۆ ئەوەی دەستەوەستان نەبن و کار بکەن «کارکردن بۆ ژنان زۆر بەسودە، زۆر چاکترە لە دانیشتن و کاری بێسود».

# کچان لە کشتوکاڵ دا یەکەمن

▪ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**(هەدیل) قەڵەم و دەفتەرێکی بەدەستەوە بو، سەرژمێری پەلەوەرەکانی دەکرد، پاشان دان و ئاوی بەمریشکەکان دا و ئیشەکانی تەواوکرد، دەستی بە قسەکردن کرد: «خەونی من ئەوەبو کۆلێژی کشتوکاڵ تەواو بکەم، پاشان پلەکەم بەرز بکەمەوە و پرۆژەیەک بکەمەوە».**

جیاواز لە بەش و بوارەکانی دیکە دا لە زانکۆی گەرمیان، زۆرینەی فێرخوازە یەکەمەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ، کچانن، لەکاتێکدا ئەم بوارە بە بوارێکی «نێرانە» ناودێر کراوە و کەمتر ژنان خۆیان لە قەرەی دەدەن.

کچانی یەکەمی کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی گەرمیان، باس لەوەدەکەن کە ئەوان هەمو گرنگیەکیان بەخوێندنەکەیان داوە و خەونی زۆریشیان لەم بوارەدا هەیە.

هەدیل فوئاد، ٢١ ساڵ، خوێندکاری بەشی سامانی ئاژەڵە لە کۆلێژی کشتوکاڵی سەر بە زانکۆی گەرمیان و بۆ ئەم خولی دەرچونە لە ئاستی کۆلێژەکەی دا یەکەمی بەدەستهێناوە، سەبارەت بەشێوازی خوێندن و هەوڵدانەکانی، بۆ (نەوژین) وتی: «بەپێی توانا خوێندومە، بەڵام لەکاتی تاقیکردنەوەکان دا هەوڵی زیاترم داوە و خۆم ماندو کردوە».

سەبارەت بەپلانی بۆ داهاتو، وتی: «دەمەوێت جارێکی دیکە بخوێنمەوە و بڕوانامەی ماستەر بەدەست بهێنم، پاشان پڕۆژەیەکی بچوکی کشتوکاڵیی بکەمەوە».



کۆلێژی کشتوکاڵ لە زانکۆی گەرمیان، ساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤) دامەزراوە، بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩) قۆناغی یەکەم لە ٢ کوڕ و ١٦ کچ، قۆناغی دوەم لە ١١ کوڕ و ١٢ کچ، قۆناغی سێیەم ٤ کوڕ و ٨ کچ، قۆناغی چوارەم ١٠ کوڕ و ٣٣ کچ پێکدێت. هاوکات زۆرینەی ئەوانەشی ساڵانە لەو کۆلێژەدا دەبنە یەکەم، لە رەگەزی مێینەن.

کچانی فێرخوازی ئەو کۆلێژە، باس لەوەدەکەن کە جگە لە لایەنی تیۆری، بەشدارێکی دیاری چالاکیە پراکتیکیەکانیشن.

هەیفا لەتیف، ٢١ ساڵ، پلەی دوەمی لە کۆلێژەکەی دا بەدەستهێناوە، بۆ (نەوژین) وتی: «بەشداریمان کردوە لە دروستکردنی بەرهەمە شیرەمەنیەکاندا، هەروەها چۆنیەتی دروستکردنی ئالیک و بەخێوکردنی پەلەوەر و ماسی و کۆمەڵە پرۆژەیەکی تر».

سەبارەت بە پلانەکانی خۆیشی، ئاماژەی بەوەدا کە دەیەوێت بەردەوام بێت لە خوێندنی ئەم بەشە و بڕوانامەی بەرزتر بەدەستبهێنێت.

بەرپرسێکی کۆلێژەکەش سەبارەت بەهەوڵ و کۆششی کچانی فێرخوازیان، جەختی کردەوە ئەگەر لە کوڕان زیاتر هەوڵیان نەدابێت، ئەوا کەمتر نەبون.



د. مەحمود ئەحمەد، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «کچانی بەشەکەمان هەوڵی زۆریان داوە بۆ ئەوەی ئەو پلەیە بەدەست بهێنن کەشایستەین».

وتیشی: بەپێی یاسا ئەو خوێندکارانەی کە یەکەمن، دەتوانین بە وانەبێژ وەریان بگرینەوە و وانە بڵێنەوە.

بەڵام وادیارە خەون و خولیای کچانی کۆلێژی کشتوکاڵ زیاترە لە بواری خوێندن، بەڵکو چاویان لەوەیە کە بتوانن پرۆژەی کشتوکاڵی لە سنورەکەدا چێ بکەن.

زەینەب رەمەزان، ٢١ ساڵ، سێیەمی کۆلێژەکەیە، باسی لەوەکرد پلانی هەیە کارگەیەکی دروستکردنی ئالیک یاخود کێڵگەیەکی بەخێوکردنی پەلەوەر بکاتەوە، ئەگەرچی دانی بەوەشدا نا بەهۆی نەبونی سەرمایەیەکی ئەوتۆوە، رەنگە جێبەجێکردنیان لەئێستادا سەخت بێت.

# نوسینگەکانی شۆفێری جمەیان دێت لە ژنان

▪ نەوژین، هاوژین مەهدی

**ئەگەر سەر بە هەر نوسینگەیەکی فێربونی شۆفێری دا بکەیت، ئەوا بەچاوی خۆت ئەو رێژە زۆرەی ژنان دەبینیت کە رویان کردوەتە فێربونی شۆفێریی بەشێوەیەکی دروست و دەرهێنانی مۆڵەتی شۆفێریی.**

چەند ساڵێکە خواستی ژنان بۆ شۆفێریی روی لەزیادبون کردوە، ئەمەش پەلکێشی کردون بۆ بینینی خولی راهێنانی تیۆریی و پراکتیکیی لەم بوارەدا، لەکاتێکدا ١٠ ساڵ پێشتر رەوشەکە بەوشێوەیە نەبوە.

ئامارەکانی هاتوچۆی گەرمیان ئەم زانیارییە پشتڕاست دەکەنەوە، بەشێوەیەک لە شەش مانگی رابردودا ٢٤٠ ژن مۆڵەتی شوفێری جیاوازیان وەرگرتوە.



عەدنان ستار، ماوەی ١٥ ساڵە وانەبێژ و راهێنەری شۆفێرییە، باس لەوەدەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا کە یەکەم خولیان کردوەتەوە، ٨٠ پیاو و تەنها ٢ ژن بەشدارییان کردوە، بەوهۆیەی ژنەکان پێیان شەرم بوە، هەربۆیە جیاکراونەتەوە بۆ خوێندن.

بەڵام ئێستا رەوشەکە گۆڕاوە، بەشێوەیەک رێژەی ژنانێک کەدەیانەوێت مۆڵەت دەربهێنن، نزیک دەبێتەوە لە رێژەی پیاوان.

«چەند ساڵێکە سەرنجم داوەتە سەر شۆفێریی و بوە بە خەونم، من بۆ ئەوە نەهاتوم مولەتەکە بخەمە گیرفانم و بڕۆم بۆ هاتوچۆ کردن، نەخێر ئەمەوێت ببمە شۆفێرێکی کارامە و ئەمەش بوەتە ئەولەویەتی ژیانم». (خەبات قادر)ی ٢٥ ساڵ، لەنێو نوسینگەیەکی فێربونی شۆفێرییدا لە کەلار بە پێداگیرییەوە وای وت.

درێژەی بە قسەکانیداو وتی: ماوەی هەفتەیەکە بەشداریم کردوە زۆر دڵخۆشە کە توانیوە بەشداربم و بونی خۆم بسەلمێن، کاتێک دێمە ئێرە و راهێنان دەکەم هەست بە بونی خۆم و گەڕانەوەی ئەو مافە دەکەم کە پێشتر لێمان زەوت کرابو.

شۆفێریی لەئێستادا بوەتە یەکێک لەو کارامەییانەی کەپێویستە هەمو تاکێک بیزانێت، بەوپێیەی هاوکاریان دەبێت بۆ ئاسان راییکردنی کارەکانیان، هەر ئەم هۆکارەشە پاڵی بە ژنانەوە ناوە بۆ بەشدارییکردن لە خولەکانی شۆفێری، تەنانەت ئەو ژنانەشی کە خوێندەوارییان نیە.



کەژاڵ رەشید، ٣٦ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، یەکێکیترە لە بەشدارەکانی خولی شۆفێری، دەڵێت: «هاتوم فێری شۆفێری ببم هەتا بتوانم هاتوچۆ بە مناڵەکانم بکەم بۆ قوتابخانە بەهۆی ئەوەی باوکیان دەوامی هەیە و مەجالی نییە».

باس لەوەشدەکات بەوهۆیەی خوێندەواریی نییە، بۆیە بابەتە تیۆرییەکان بۆ ئەو قورسە.

ئەم بەدەمەوەهاتنە گەرمەی ژنان بۆ خولەکانی شۆفێریی، نوسینگەکانی فێربونی شۆفێریی هانداوە باشتر پێشوازییان لێبکەن و ئاسانکارییان بۆ بکەن.



عەدنان ستار، وانەبێژ و راهێنەری شۆفێریی، بۆ (نەوژین) وتی: ژنێکی زۆر سەردانمان دەکەن، جاران لە ساڵێکدا ٢٠ فێرخوازی ژنمان نەبو، ئێستا سەروی ٢٠٠ دانەیە لە ساڵێکدا، ئێمەش لەبەرامبەردا هاوکاری هەمو فێرخوازەکان دەکەین، بە تایبەتی ئەو ژنانەی کە خوێندەواریان نییە.

ئەو راهێنەرە باس لەوەشدەکات رێژەی بەشداریکردنی ژنان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تردەگۆڕێت، بەڵام بەزۆری لە هاویندا بەشداریی دەکەن، بەحوکمی ئەوەی دەوام کەمترە و بواریان زیاترە.

خولیای ژنان بۆ شۆفێریی لە هەمو تەمەن و ئاستەکان دایە، ژنی بەتەمەن هەتا گەنجی تازەپێگەیشتو.

ئەڤین عەلی، ١٩ ساڵ، بەشداریی لە خولی فێربونی شۆفێریی دا کردوە، باسی لەوەکرد حەز و خولیای بۆ شوفێری وایکردوە لەم خولەدا بەشداری بکات، دەشڵێت: «بەپێویستی دەزانم کە مۆڵەی شۆفێریم هەبێت بۆ ئەوەی پێویستم بەکەس نەبێت و خۆم ئیشەکانم رابپەڕێنم».

لەوەڵامی پرسیارێکی (نەوژین) دا سەبارەت بەوەی ئایا لەدوای ئەم خولەشە بەردەوام دەبیت لە شوفێری کردن؟

(ئەڤین) بەباوەڕ بەخۆبوونەوە وتی: بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبم و حەزیش دەکەم لە داهاتودا شوفێری ببێتە پیشەم.

# کچێک شانۆ دەباتە سەر شەقام



■ نەوژین، کاڵێ حەسەن

**لەکاتێکدا کچانێک هەبن خۆیان لە بەشدارییکردن لەکاری هونەریی دا ببوێرن لە هۆڵە تایبەتەکاندا، ئەوا کچانێکی دیکە هەن لە نمونەی (چاوان) هونەر دەبەنە ناو جەرگەی بازاڕ و راستەوخۆ بۆ هاوڵاتیانی نمایش دەکەن.**

چاوان محەمەد مەحمود، ٢٢ساڵ، کچە شانۆکارێکی گەرمیانە، لەماوەی ٣ ساڵی کارکردنی دا لە بواری شانۆ، بەشداریی چەندین بەرهەمی کردوە چ بە رۆڵگێڕان و چ بە نوسینی دەق.

لە دیدارێکی (نەوژین) دا، (چاوان) باسی لەوەکرد کە سەرەتای دەستبەکارکردنی لە بواری هونەردا ئاسان نەبوە، بەوهۆیەی روبەڕوی قسە و توانجی کۆمەڵگا بوەتەوە، بەڵام ئەم قسانە لەبری ئەوەی دڵساردی بکەنەوە، مکوڕتریان کردوە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەو رێچکەیەی هەڵیبژاردوە.

ئەو ئەگەرچی خوێندکارە و هاوکات لە فرۆشگایەکیشدا کاردەکات، بەڵام ئەمانە نەبونەتە هۆکار بۆ ئەوەی دەستبەرداری خونەکەی بۆ کارکردن لە بواری هونەردا ببێت. وەکخۆی دەڵێت: «شانۆ حەز و خەونی منالّیمە».

ئەو کچە ماوەی ٣ ساڵە تێکەڵ بە کاری شانۆیی بوە، لەم ماوەیەشدا بەشداریی ٨ بەرهەمی شانۆیی کردوە، کە بەوتەی خۆی پێشوازیەکی باشی لێکراوە. نەک هەر ئەمە، بەڵکو بەهۆی رۆڵگێڕانەکانیشیەوە خەڵاتی رێزلێنانی تایبەتی پێبەخشراوە، کە ژمارەی خەڵاتەکانی تائێستا سێ دانەیە.

ئەگەر کچانی دیکە لە شانۆدا وەکو ئەکتەر بەشداریی بکەن و رۆڵبگێڕن، ئەوا (چاوان) لەپاڵ رۆڵگێڕان دا، هەوڵی نوسینی دەقی شانۆییشی داوە. وتی: «وەکو رۆڵگێڕانی سەرەکی و لاوەکی بەشداریی چەندین کاری شانۆییم کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا ٤ دەقی شانۆییم نوسیوەتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە ئامادەکردنی دەقی شانۆییدا هاوکاری گروپ و شانۆکارانی دیکەم کردوە».

شانۆ حەز و خەونی منالّیمە

ئەو جگە لە کەلار، لە نمایشکردنی شانۆگەریەکانیان دا لە شارەکانی دیکەی وەکو: دەربەندیخان و سلێمانییش دا بەشدارییکردوە.

«مافی خۆمە خەونەکانم بەدی بێنم»، یەکێکە لە ئەزمونە تایبەتی و شانۆ کاریگەرەکانی کاروانی کاری هونەریی ئەم کچە شانۆکارە، چونکە پێش ئەم شانۆگەرییە، رۆڵەکانی لەسەر تەختەی شانۆی ناو هۆڵە داخراوەکان دا گێڕاوە، بەڵام لەم شانۆیەوە ئەزمونێکی نوێی تاقیکردوەتەوە، کە ئەویش شانۆی سەر شەقامە.

لەوبارەوە وتی: شانۆگەریەکە لەناو جەرگەی بازاڕی شاری کەلار نمایش کرا، ئاسان نەبو وەک تاکە کچ لەگەڵ گروپێکی کوڕدا لەناو بازاڕدا رۆڵبگێڕم، بەڵام پەیامی کارەکە و کۆبونەوەی خەڵکێکی زۆر و پێشوازیەکەی باش، وایانکرد هەر زو لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێکانم دەرباز ببم و هەمو بۆچونێکی سلبی وەلا بنێم.

ئەم کچە شانۆکارە لە روانگەی ئەزمونی خۆیەوە، پێیوایە کچانی گەرمیان خاوەنی توانا و کارامەییەکی زۆرن لە بواری هونەردا، بەشێوەیەک ئەگەر گرنگییان پێبدرێت، ئەوا ئەکتەر و هونەرمەندی زۆرباشیان لێبەرهەم دێت.

بۆ ئەمەش لەلایەک هانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەکو حکومەت و دەزگا و رێکخراوەکان دەدات کە گرنگیی بە کچان بدەن لە هونەردا، لەلایەکی تریشەوە داوا لە خودی کچان دەکات کە بێنە پێشەوە بۆ کارکردن لە مەیدانی هونەر.

هەروەک بەشێکی تری داواکاریەکانیشی ئاراستەی خێزانەکان دەکات، دەڵێت: «داواکارم دایکان و باوکانی کچان رێگر نەبن لەبەرامبەر حەز و ئاواتی کچەکانیان و نەبنە هۆی لەناوبردنی ئەو خەونانەیان، بەڵکو هاوکاریان بن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتو بۆ نەوەی دوای خۆمان جێ بمێنێت، جیاواز لەوەی کە ئێستا هەیە».

بەوپێیەی سەرقاڵی خوێندنە، ماوەیەکە (چاوان) لە کاری هونەریی دابڕاوە، بەڵام وەکخۆی جەختی لێکردەوە، ئەمە بەمانای وازهێنانی نایەت، بەڵکو بە شەوقەوە دەخوازێت لە ئایندەیەکی نزیک دا و پاش تەواوبونی ئەرکەکانی سەرشانی، بگەڕێتەوە کاری هونەریی.

خەونەکانی ئەم کچە شانۆکارە لەم بوارەدا کۆتایی پێنەهاتوە، بەڵکو ئێستا لەهەوڵدایە کە بتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا گروپێکی شانۆیی تایبەت بە کچان دروست بکات، بۆ ئەوەی وەکخۆی وتی: «بتوانین هەست و دەنگی کچان لە رێگەی شانۆوە بگەیەنین».

# بە هەرەوەزیی خانەقین رەنگ دەکەن

■ نەوژین

**لەخانەقین ژمارەیەک شێوەکار و هونەرمەند و خوێندکار گروپێکی هونەریی شێوەکاریی هەرەوەزیی دروست دەکەن و پێکەوە تابلۆ لەسەر دیواری شوێنە گشتیەکان دەنەخشێنن.**

«لیژنەی هونەری هەرەوەزیی» ناوی ئەو گروپەی خانەقینە و لە ژمارەیەک کچ و کوڕی شێوەکار و هونەرمەند پێکدێن، کە پێکەوە و وەکو کارێکی خۆبەخشی، دەستیان کردوە بە رەنگکردنی شارەکەیان.

گروپەکە درێژکراوەی ئەو ژمارە چالاکییە هەرەوەزییەیە کەلەسەر دەستی ژمارەیەک چالاکوان لە خانەقین هاتوەتە ئاراوە و پێکەوە بە هەرەوەزیی کاری جیاواز بۆ خزمەتی کۆمەڵگای خانەقی ئەنجام دەدەن.

کارەکانی «لیژنەی هونەری هەرەوەزیی» بریتییە لە رەنگکردنی دیوار و شوێنە گشتیەکان و هەروەها کێشانی تابلۆی جۆراوجۆر کە گوزارشت لە ئازادیی و پێکەوەژیان و کاری هەرەوەزیی و پێکەوەیی و خۆبەخشی دەکات، لەنێو گروپەکەشدا کچان رۆڵی بەرچاو و سەرەکیان هەیە و زۆرێک لە چالاکیەکانی کێشانی وێنە و رەنگ کردن، ئەوان دەیکەن.












## ڕاپۆرتێکی (ڕادیۆی دەنگ) لەبارەی:

# دۆخی منداڵانی گەرمیان لە (٢٠١٩) دا




■ نەوژین

**ڕادیۆی دەنگ لەرێگەی هەردو پرۆژەیەوە (یەکەی ڕۆژنامەوانی مافەکانی مرۆڤ و ڕۆژنامەی نەوژین)ەوە، ڕاپۆرتێکی لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا تایبەت بە ڕەوشی منداڵانی گەرمیان بڵاوکردەوە، تیایدا دیارترین ئەو پێشێلکاریی و ئاستەنگانەی دەستنیشانکردوە کە منداڵانی دەڤەرەکە روبەڕوی دەبنەوە.**

لەو ڕاپۆرتەدا کە بەپشتیوانی ڕێکخراوی (NED) ئەنجامدراوە، دەستخراوەتەسەر دیارترین توندوتیژی و پێشێلکاریەکان بەرامبەر بە منداڵان و هەروەها بەشێکی تایبەتە بەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر بە کچانی منداڵ ئەنجام دەدرێن.

لەم لاپەڕەیەدا پوختەی ئەو ڕاپۆرتە و بڕگەکانی دەخەینەڕو:

❊ کارکردنی منداڵان

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوەکردوە شێوازەکانی کارکردنی منداڵ لە سنورەکە دیمەنێکی بێزراوی هەیە، ئەوەش بە کردنی کۆمەڵە کارێکی قورس و مەترسیدار بۆ سەر تەندروستییان. ئاماژەی بەوەشکردوە کە بە پێی بەدواداچونەکانیش بۆ ئەم کەیسە تاوەکو ئێستا ئامارێکی ورد لەسەر کارکردنی منداڵان لە سنورەکە بونی نیە، ئەمە لە کاتێکدایە بە پێی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ، کارکردنی منداڵان بە هەمو شێوەیەک ڕێگەپێنەدراوە.

ڕاپۆرتەکە دیارترین جۆرەکانی کارکردنی منداڵانی بەمشێوەیە دەستنیشان کردوە:

١. کارکردنی منداڵان لەسەر زبڵدان:

ئەمە یەکێکە لەو کارانەی ڕۆژانە لە گەرمیان منداڵانی ئیشکەر لە سنورەکە بۆ پەیداکردنی بڕێک پارە دەستی بۆ دەبەن.

یەکێک لەو مندالانەی کە ئەم کارەدەکات بە ناوی (یاسر حەمید)، تەمەن ٨ ساڵە، باسی لەوەکردوە، بەهۆی مردنی باوکییەوە دەستی داوەتە ئەم کارە بۆ پەیداکردنی بژێوی بۆ خێزانەکەی.

لەبەرامبەر هۆکارەکانی ئەم جۆرە کارانەدا، لەیلا ئەحمەد، ئەندامی تیمی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی لە گەرمیان کە گرنگیی بە ژنان و منداڵان دەدەن، دەڵێت: «زۆربەی ئەو منداڵانەی کاردەکەن باوکیان لە ژیان نەماوە و خێزانەکانیان دەستکورتن، ئەمە هۆکاری سەرەکی کارکردنیانە».

٢. کارکردنی منداڵان لە ناوچەی پیشەسازی:

بەپێی ڕاپۆرتەکە، زۆرجار لە باسکردنی منداڵانی ئیشکەر لە ناوچەی پیشەسازیی باس لەوەدەکرێت لە لایەن خاوەنکارەکانەوە گرنگی بەهێز و تەمەنی ئەو منداڵانە نادرێت و کۆمەڵێک کاری قورسیان پێدەکەن، ئەمە بەدەر لە چەندین قسەی برینداركەر.

بەڕێوبەری فەرمانگەی مافی مرۆڤی گەرمیانیش لە دیدارێکی (ڕادیۆی دەنگ)دا ئەمەی پشتراستکردەوە کە لەگەرمیان ئەمجۆرە کار و ڕەفتارانە بەرامبەر بە منداڵانی ئیشکەر دەکرێت.

٣. سواڵپێکردن:

بە بەردەوامی دیمەنی «سواڵکەران» لەنێوبازاڕ و گەڕەکەکانی شاردا سەرنجمان ڕادەکێشن بەتایبەت ئەگەر منداڵ بن، ئەم حاڵەتەش بەتایبەتی لەم ماوەیدا کەم بوەتەوە، بە کاریگەریی ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنانەی کە هێزە ئەمنیەکان دەیکەن.

بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکەی ڕادیۆی دەنگ، ئەم حاڵەتە لەشێوەی دیکەدا خۆی دوبارەکردوەتەوە، ئەویش کارکردنی ژمارەیەک منداڵ لە فولکە و ترافیکلایتەکانی ناو شارەکانی گەرمیان و بەزۆر پێفرۆشتنی شمەک یان ئەنجامدانی کارێک بۆ ئەوەی پارەیان پێبدرێت لەلایەن شۆفێرانەوە.

ئاماژەی بەوەشکردوە زۆرینەی ئەو منداڵانە ئاوارەن و لەلایەن خێزانەکانیانەوە ناچار بە کارکردن دەکرێن، تەنانەت تێیاندایە کە کەسوکاری نێرینەی گەورەشیان هەیە و ناچاریان دەکەن ئەو کارانە بکەن، هەروەک تێشیاندایە کە لەبەر نەبونی بەخێوکەر و بۆ بژێویی خێزانەکەی، ئەو کارە دەکات.

❊ مافەکانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت

«منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، لە هەرە پەراوێزخراوترین توێژەکانی منداڵانن لە گەرمیان، کە گرنگیەکی ئەوتۆ بۆ ژیانیان بونی نیە» ڕاپۆرتەکەی (ڕادیۆی دەنگ) وادەڵێت.

لەدرێژەدا ئاماژە بەوەکراوە: لە تەوای گەرمیان تەنها یەک قوتابخانەی تایبەت هەیە بۆ منداڵانی خاوەن پیداویستی تایبەت ئەویش قوتابخانەی وانۆی نابیستانە لە کەلار، بەم هۆیەشەوە هەندێک لە قوتابیەکانی لە کفری و خانەقین و ڕزگاریەوە دێنە ئەم قوتابخانەیە.

❊ بێبەشکردنی منداڵان لە خوێندن

لە ڕاپۆرتەکەدا ئەوەخراوەتەڕو کە بەشێکی زۆری ئەو منداڵانەی کە لە خوێندن دادەبڕین بە پێی زانیاریەکان مندالانی کوڕ بۆ کارکردن دادەبڕێن لە خوێندن و کچانیش هەندێکجار لە بەر باری کۆمەڵایەتی خێزانەکانیان کە پێیانوایە کچان پێویست ناکات بخوێنن، هەندێکیشیان منداڵانی گوندنیشینن کە بەهۆکاری هاتوچۆکردن بۆ خوێندنی ئامادەیی، دەستبەرداری خوێندن دەبن.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە چیرۆکی (تریٚ) کراوە کە نمونەی یەکێک لەو کچانەی لەبەر خوێندن دابڕێنراوە، دەڵێت: «زۆر حەزم بەخوێندن بو پاش ئەوەی چەندساڵێک خوێندم، براکانم بون بە ڕێگر لە بەرەدەممدا و نەیانهێشت بەردەوامی بەخوێندن بدەم».

ئاماژە بەوەشکراوە کە خراپی باری دارایش بە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی دەستبەرداربونی خوێندنی منداڵان دەخرێتەڕو بەتایبەت منداڵانی کوڕ. هەروەک بەهەمان هۆکار منداڵانی کچ لە گوندە دورەدەستەکان لەخوێندن بێبەش دەکرێن، ئەویش بەوهۆیەی خێزانەکان توانای دابینکردنی کرێی هاتوچۆی کچەکانیان نیە و لەگەڵ گەورەبونیشیان دا بە گونجاوی نازانن بەردەوام بن لە خوێندن.

❊ توندوتیژیی دژ بە منداڵان

لە ڕاپۆرتەکدا ئاماژە بە چەند جۆرێکی توندوتیژی دژ بە منداڵان کراوە لەسنوری گەرمیان، لەوانە:

١. بەشودانی کچانی منداڵ:

بەشودانی کچانی منداڵ لە گەرمیان یەکێکی دیکەیە لە پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، ئەگەرچی بە یاسا ڕێگری کراوە لە بەشودانی کچانی تەمەن منداڵ، بەڵام ئەو کچانەی کە تەمەنیان منداڵە لەبەر ڕێگری یاسایی لە دەرەوەی دادگاکان مارەدەکرێن یان لەناوچە دابڕاوەکان مارەدەکرێن.

نمونەی یەکێک لەو کچانە کە لە ڕاپۆرتەکەدا ناوی هاتوە، (چیمەن)ە کە لەتەمەنی ١٣ ساڵی دا بەشودراوە، بەمشێوەیە باسی بەشودانەکەی دەکات و دەڵێت: «بە قسەی دایک و باوکم لە تەمەنی ١٣ ساڵی لای مەلایەک مارەکرام، پزیشکانیش پێم دەڵێن ناتوانیت ببیتە خاوەنی منداڵ، چونکە کاتێک هاوسەرگیریت کردوە خۆت منداڵ بویت».

٢. خەتەنەکردنی کچانی منداڵ:

ڕاپۆرتەکەی ڕادیۆی دەنگ ئەوەی خستوەتەڕو کە حاڵەتەکانی خەتەنەکردنی کچان زۆر کەمیکردوە، ئەمەش لایەنێکی ئیجابی دۆخی کچانی منداڵە لە سنورەکەدا، بۆ ئەمەش پشتی بە نوێترین ڕوپێویی ڕێکخراوی وادیی ئەڵمانی بەستوە کە ئاشکرایان کردوە لەساڵی ٢٠١٨ دا ٥.٪ی کچانی تەمەن ١ ڕۆژ بۆ ٢٥ ساڵ لە گەرمیان خەتەنەکراون.

٣. لێدان و سزادانی قورسی منداڵ:

«لێدان زۆرجار لەلایەن دایک و باوکەوە وەک مافێکی خۆیان دەبینین بەمەبەستی تەمێکردنی منداڵەکەیان بۆ ئەو شێوازە هەڵسوکەوتەی منداڵەکەیان کە لەلای ئەوان پەسەند نیە». ڕاپۆرتەکەی (ڕادیۆی دەنگ) وادەڵێت.

ڕاپۆرتەکە نمونەی کچێکی هێناوەتەوە بەناوی (سارا) کە تەمەنی ١٤ ساڵە و دەڵێت: «ئەگەر شتێک بکەم بە دڵی دایکم نەبێت بە خاڵم دەڵێت لێمبدات». ئەو و تەواوی منداڵانی دیکەی سنورەکە دەڵێن هیچ نازانین دەربارەی ئەوەی لەسەر ئەو لێدانانە سکاڵابکەین، دەشڵێن دەترسین کەس پشتی ئێمە نەگرێت.

٤. توندوتیژی لەناوەندەکانی خوێندن:

جۆرێکی تری باوی توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵانی گەرمیان توندوتیژیە لەناوەندەکانی خوێندن.

لە ڕاپۆرتەکەی (ڕادیۆی دەنگ)

**بەپاساوی خراپی دۆخی دارایی منداڵان لە خوێندن بێبەش کراون**

**حاڵەتەکانی خەتەنەکردنی کچان زۆر کەمیکردوە**

دا ئاماژە بەوەکراوە کە ئەگەرچی توندوتیژی جەستەیی وەکو ڕێژە زۆر کەم بوەتەوە، بەڵام توندوتیژی دەرونی و گوفتاریی جێگەی گرتوەتەوە، کە زۆرتر بەکارهێنانی وشەی نەشیاو و جنێوە بەرامبەر بە منداڵانی فێرخواز.

❊ چی بکرێت؟

ڕاپۆرتەکەی (ڕادیۆی دەنگ) ئاماژەی بەوەکردوە کە سەرباری ئەو بەدواداچونانەی کردویانە، بەڵام هێشتا ناتوانن هەڵسەنگاندێکی تەواو بۆ دۆخی منداڵان بکەن لەگەرمیان دا. دەڵێت: «پێمانوایە ئەم کارە بەدواداچونی ورد تر و پرۆژەی گەورەتری پێویستە».

(ڕادیۆی دەنگ) لە ڕاپۆرتەکەدا دەستپێشخەرییەکی خستوەتەڕو بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت و پارلەمان و کۆمەڵگەی مەدەنی، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد تر لەوبارەوە ئەنجام بدەن و بتوانین پێوەرێکی ساڵانە دروست بکەن کە ئاستی ڕەوشی منداڵانی گەرمیان دەستنیشان بکات.



# عیشق لە مەیخانەی ئۆرتینەدا

■ ئالا حسێن

**ڕۆمانی مەیخانەکەی ئۆرتینە، یان عەشقەکەی شێخی سەنعان و کچەی گاور، کتێبکی سۆفیگەرییە، باس لە عیشقێک دەکات کە لە نێوان شێخ و ئۆرتینەدا دروست دەبێت. شێخ خەونێک دەبینێت کە لە خەونەکەیدا بەرەو کێوێکی بەرز دەڕوات و دەگات بە لوتکەی کێوەکە، لەوێڕا روناکیەک دەردەکەوێت، ئەو روناکیە دیوەکەی تری ناخیەتی کە مەبەست لە عیشقەکەی واتای گەیشتن بە باوەڕە.**

شێخ بۆ گەیشتن بەم عیشقە شارەکەی خۆی بەجێدەهێڵێت، بەرەو خانەقایەک بۆ شاری سەمعا دەڕوات. ماڵی ئۆرتینەش بەتەنیشت ئەم خانەقاوەیە. ئۆرتینە کچی پیاوێکی باجگرە، خەڵکی بە «موسای باجگر» ناوی دەبەن. خەڵکانێک دەنگۆی ئەوە دەکەن کە موسای باجگر، ئۆرتینەی لەماڵی ژنە چێژفرۆشەکان لە بری باج بۆخۆی بردوە. هەربۆیە بە پێی دەڵێن: «موسای باجگر».

ئۆرتینە، لەبەرئەوەی ناهێڵێت کەس روخساری ببینێت و خۆی پیشانی خەڵکی نادات، درۆگەلێکی زۆر بە ناوییەوە دەکرێت، هەندێک دەڵێن خوا لە بەر جوانیەکەی ئەو، ئەم شارەی پاراستوە، کەسانێکی دیکەش دەڵێن هێندە ناشرینە ئەگەر پەچەکەی سەری لابدات، مرۆڤ لە ترساندا خۆی ناگرێت و زەندەقی دەچێ.

ڕۆژێک لەناو موریدەکانی خانەقادا دەنگە دەنگ و هاتوهاوارێک دروست دەبێت، گوایە باوکی ئۆرتینە کچی پیاوێکی موسوڵمانی لەبری قەرز بردوە تا پارەکەشی نەدەنەوە کچە ناداتەوە، بۆیە شێخی سەنعان بۆ چارەسەری ئەم دۆخە، هەستا هەرچی پارەی ناو خانەقا هەبو هەموی کۆکردەوە و بردی بۆ ماڵی موسای باجگر، بۆ ئەوەی کچە بێنێتەوە، بەڵام لەێ چاوی بە ئۆرتینە دەکەوێت و نیگای تێدەبڕێت، لەوکاتەدا دەڵێت وا من خەونەکەم بینی، بۆیە شێخ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئاگای لە خۆی نامینێت، لە هۆش خۆی دەچێت، پاش سێ ڕۆژ دوای بەئاگاهاتنەوە، وتی: دەردی من دەرمانی نیە، پەیوەندی بە ڕۆحمەوە هەیە.

هەواڵ بڵاودەبێتەوە کە شێخ عاشقی کچێکی گاور بوە. موریدەکانی خانەقا رقێکی توندی لێ هەڵدەگرن، بەڵام شێخ بە عیشقەوە بەرەنگاری رقەکەیان دەبێتەوە. بۆیە دەشێ بڵێین هەتا رق لە ناخی مرۆڤەکاندا هەبێت، عیشق لەناخی مرۆڤدا جێگەی نابێتەوە، چونکە عیشق ئاگرێکە کە داگیرسا ناکوژێتەوە، هەتا نەتکات بە خۆڵەمێش.

شێخ بە جۆرێک عاشق دەبێت، دەست لە ئاین و پلەوپایەی خانەقاش هەڵدەگرێت، لەناو خەڵکیشدا بۆ مەعشوقەکەی ریسوا دەبێت، بەڵام باوەڕی خۆی لەدەست نادا، مەبەستی شێخ لێرەدا ئەوەیە کە عیشق لە ناو باوەڕدایە نەک لە ناو تەمەن، عیشق کاری بەتەمەنەوە نیە، کاری بەجوانی و ناشرینیشەوە نیە، عیشق دۆزینەوەی لەتە ونبوەکەی خۆت و ونکردنی شتە بچوکەکانی دونیایە. کەسێک نەتوانێت پشت لەخەڵک و لەدونیا بکات، چۆن دەتوانیت باوەش بەعیشقدا بکات. عیشق لوتکەی باوەڕە، عیشق تەنها یەک نیگای بەسە بۆ ئەوەی تامردن یادەوەریەکی جوانت هەبێ لەگەڵیدا، بۆیە شێخ بریار دەدات و دەچێتە بەردەم ماڵی ئۆرتینە.

موسای باجگریش کە بەمە دەزانێت کۆمەڵێک مەرج بۆ شێخ دادەنێت، ئینجا رازی دەبێت کچە بە شێخ بدات:

١. سوتاندن و پەڕەپەڕەکردنی قورئان.
٢. دەستهەڵگرتن لە ئاین.
٣. خزمەتکردنی موسای باجگر.
٤. خواردنی گۆشتی بەراز.
٥. مەیخواردنەوە و کردنەوەی مەیخانەیەک.

شێخ، بە هەمو مەرجەکان رازی دەبێت، جگە لە خاڵی یەکەم نەبێت، چونکە شێخ دەڵێت ئەوە موڵکی من نیە.

ئەو بەردەوام بەرانبەر ماڵی ئورتینە دادەنیشت، هیچ کاتێکیش رێکەوتی بینینی ئەو نەبو. ئەوان بەردەوام لە خەوندا یەکتریان دەبینی و قسەیان پێکەوە دەکرد. بۆیە ئەتوانین بڵێن، ژیان بە بینینی شوێنە خۆشەکان خۆش نابێت، ژیان بەو جۆرە خۆش دەبێت کە کەسەکان خۆشی بەیەکتر دەبەخشن، لەگەڵ ئەوەشدا عیشق نابینرێت، تەنها هەستی پێ دەکرێت.

بەمەش شێخ بەردەوام قسەی پێ دەوترا، بە رسوا و بێدین ناوی دەبرا، ئەو بۆ گەیشتن بە عیشقەکەی، هەمو ئەمانەی قبوڵ بو. شێخ لێرەدا عاشقی لەشولاری ئەو کچە نیە، عاشقی ئەو عیشق و باوەڕەیە کە ئورتینە پێی دەبەخشێت، چونکە هیچ عیشقێک نیە باوەڕێکی گەورەی تێدا نەبێت، نە گەورەیی دونیا لە ناو عیشقە گەورەکاندایە، نە تەمەن و ژیانیش هەقی بە عاشقبونەوە هەیە. پیری دو شت رایدەچڵەکێنێت: یەکیان عیشق و ئەویتریان مردن.

هەیە عاشقی ژنێک دەبێت، هەیە عاشقی دونیا، هەیە عاشقی خودا، عیشقەکەی شێخ هەر سێ جۆرە عیشقەکەی تێدایە، شێخ هەمیشە دەیوت: عیشق دەرەڕسوایە، ئازارە، بێ مروەتیە، عیشق خەوبینینە بە کەسێکەوە کە لە ژیاندا نایبینی و لە خەونەکاندا بۆی دەگەڕێیت، مەرج نیە هەمو عیشقەکان بەیەک بگەن. بۆیە شێخ بەردەوام لەخەوندا ئۆرتینەی دەبینی، لەپاش هەمو ئەو قوربانیانەی دا کە کرابوە مەرج لەسەری، دەڵێت: من دەمرم و دوای خۆم لە عیشقەکەم تێئەگەن.

لە کۆتایدا موسای باجگر ناچار بو بەڵێنەکەی خۆی بباتەسەر، بە کچەی وت: بڕوات بۆ لای شێخ، ئۆرتینەش وتی: تازە زۆر درەنگە، چونکە پێش کاتی بە یەکگەیشتنەکەیان شێخ مردبو.

شێخی سەنعان، هەمیشە بانگەشەی ئەوەی دەکرد، مرۆڤ بیەوێت لە خوا نزیک بێتەوە، پێویستە سەرەتا خۆی لە غرورەکان دابماڵێنێت، رو لە سادەیی بکات، ویژدانە مردوەکەی زیندو بکاتەوە، مرۆڤ دەتوانێت بە ساتێکی کەم رۆحی خۆی پیس بکات، بەڵام پیسی چەندین ساڵی دەوێت تا رۆحە پیسبوەکەی پاک بکاتەوە.

شێخ لەبارەی ژنەوە هەمیشە دەیگوت، بتەوێت ژنێک بکەیت بە هی خۆت، پێویست ناکات دەستی بگریت و بیبەیت، ژن تا دڵی داگیر نەکەیت، ناتوانیت و نابێ بە هی تۆ، ژن بۆی گرنگ نیە تۆ لە چی تەمەنێکدای، گرنگ ئەوەیە چەند عاشقی ئەوی، عاشق بونەکەت ئەوە دیاری دەکات ژن چەند وابەستەی رۆحی تۆ بێت.

لە کۆتاییدا پێمخۆشە ئەوە بە خوێنەران بڵێم، شێخ بۆچی ناوی بە شێخی سەنعان دەهێنرێت؟

حیکایەتەکەی بەمجۆرەیە کە والی شاری (سەمعا) توشی نەخۆشییەک دەبێت، هەرچی حەکیمی شار هەیە دەردەکەی چارەسەر ناکەن، شێخ شەو لە خەویدا خەونێک دەبینێ، بەیانی خەوەکە بۆ حەکیمی گەورەی شار باس دەکات و پێیان دەڵێت ئەوەی بۆ بکەن چاک دەبێتەوە. دواتر هەرچی حەکیم و گەورە پیاوانێک هەیە کۆدەکرێنەوە، ئەوە رادەگەیەنن کە شێخ، والی چاککردوەتەوە، هەربۆیە لەو کۆبونەوەیەدا ناوی لێدەنێن: «شێخی سەنعان».

# (جێندەر) چییە؟

■ ئاسۆ وەهاب

**جۆری کۆمەڵایەتی زاراوەیەکی کۆمەڵناسییە (سۆسیۆلۆژیا) لەزمانی ئینگلیزی پێیدەوترێت جێندەر «Gender».**

لە کوردەواریدا مشتومڕێکی زۆر لەبارەی ئەم زاراوەیە هەیە، سەرچاوی ئەم مشتومڕەیەش لەتێنەگەیشتنەوە سەری هەڵداوە، هەردولاکەی مشتومڕەکان تاوانبارن بەوەی نە هەوڵی تێگەیشتنیان داوە نە هەوڵی تێگەیاندنی ئەوانی تریان داوە، تا ناڕونی نەمێنێت.

جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر) تەنها ئاماژە نییە بۆ ژنان و ئەو بابەتانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە بگرە پەیوەستە بە ژنان و پیاوان و ئەو رۆڵانەی پێکەوە دەیگێڕن.

ڕەگەزی بایلۆژی، مێبون و نێربون، دو جۆری بایلۆژی جیاوازن بە (فطرة) هیچ پەیوەندییەکی نییە بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و روناکبیریی، وەدەستهێنراو نییە و بە گۆڕانی کۆمەڵگە و ئاڵوگۆڕی روناکبیریی ناگۆڕدرێت، لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە (انا خلقناکم من ذکر وانثی..).

جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر) پێچەوانەی جۆری بایلۆژییە، پەیوەندی بە کۆمەڵگە و روناکبیریی و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و پێشکەوتنی شارستانییەوە هەیە، ناجێگیرەو پەیوست نییە بە (فطرة)ی رەگەزێکی دیاریکراو. دیارترین پێناسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی، پێناسەی جێندەرە، کە پەیوەستە بە رۆڵ و ئەو بەرپرسیارێتیانەی پەیوەستن بەم رۆڵانە و دیاریکردنی ئەو رۆڵانە لە لایەنی کۆمەڵگە و روناکبیری باو.

ئەو رۆڵانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، هاوکات بە پێی کات و گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و روناکبیرییە بەدەستهاتوەکان گۆڕانکاری بەسەریدا دێت و کاریگەرە بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و شارەزایی و ئەزمونی ژیانی و پەروەردە و روناکبیریی باو.

لێرەدا بۆ باشتر رونکردنەوەی بابەتەکە دەبێت جیاوازییەک لە نێوان هەردو چەمکەکە بکەین لە نێوان رەگەزی بایلۆژی و جۆری کۆمەڵایەتی.

یەکەم: رەگەزی بایلۆژی

- سروشتییە.
- نێر و مێ.
- ئەندامی بایلۆژی و ئەرکەکانی.
- جێگیرە و ناگۆڕدرێت.
- تاک.
- مرۆڤ لەڕوی بایلۆژییەو پێوە لە دایک دەبێت.
- ناتوانرێت بگۆڕدرێت.

دوەم: رەگەزی کۆمەڵایەتی:

- روناکبیرییە، دابونەریت، ئابوری، سیاسی.
- ژن و پیاو.
- تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی، روناکبیریی، پێگە، رۆڵ و پەیوەندییەکان.
- بە پێی کات و شوێن دەگۆڕدرێت.
- کۆمەڵگە، دەوروبەر، دامەزراوە.
- مرۆڤ پێوە لەدایک نابێت، بگرە بەدەستی دەهێنێت.
- دەتوانرێت بگۆڕدرێت.

رۆڵی جۆری کۆمەڵایەتی فرە و جۆراوجۆرن، ژنان و پیاوان دەتوانن هاوبەشی بکەن یان ئاڵوگۆڕی بکەن، بۆ نمونە: پەروەردەکردنی منداڵ، کاروباری ناوماڵ، پیشەکان (فەرمانبەری، کرێکاری، کارمەندی)، کاری سیاسی، سەربازی، بازرگانی و .. هتد، رۆڵن و ژن و پیاو دەتوانن پێیهەڵسن بەپێی شارەزایی و لێهاتوییان.

بە کورتی، جێندەر، واتا یەکسانی لەنێوان ژن و پیاو لەئاستی رۆڵی کۆمەڵایەتی و پێشبینییەکانی کۆمەڵگە بۆ ژن و پیاو.

پێموایە زۆربەی ئەو رۆڵانە لە سەر ئاستی کۆمەڵگەیی مومارەسە دەکرێن، بەبێ ئەوەی بیخەینە چوارچێوەی زاراوەیی کە بەرامبەری هەستیاریمان هەیە. ئەوەی ماوەتەوە پەیوەستە بە رۆڵ لە ئاستی سیاسی و کارگێڕی.

> جێندەر یەکسانی ژن و پیاوە لەئاستی رۆڵی کۆمەڵایەتی

> (جێندەر) تەنها ئاماژە نییە بۆ ژنان



# حەپی قەڵەویی سودی زۆرە یان زیان؟

▪ نەوژین، نازەنین گۆران

**(لانە) لە پڕێکدا کێشی جەستەی دەستی بە دابەزین کرد، تاوای لێهات خۆی پێ ناشرین بێت، بۆ ئەوەی ئەو جوانی و کێشەی جارانی بگەڕێتەوە، هیچی باشتری شک نەبرد جگە لە پەنابردن بۆ حەپی قەڵەویی، بەڵام ئەوەی نائومێدکەر بو بۆی، ئەوەبو کە حەپەکە کێشەی تری تەندروستی بۆ زیاد کرد.**



چیرۆکــی ئـەو کچـە هاوشـێوەی لـە کۆمەڵگدا زۆرە، ژنانێکی زۆر بەمەبەستی قەڵەوکردنــی جەســتە و روخســاریان کــە خۆیان بە جوان و سەرنجراکێشــی دەزانن، پەنا بۆ بەکارهێنانی داودەرمانی جیاوازی پزیشــکیی یان گیایی دەبەن، بێئاگا لــەوەی ئەم دەرمانانە لێکەوتەی زۆری هەیە.

لانــە، ٢٥ ســاڵ، لــە باســکردنی ئــەو هۆکارانــەی پاڵــی پێوەنــاوە بــۆ بەکارهێنانــی حەپــی قەڵەویــی، بــۆ (نەوژین) ســەربوردەی خۆی گێڕایەوە «پێشتر خاوەن لەشـولارێکی رێکبوم، بەڵام لەناکاو روبەروی دابەزینێکی زۆری کێش بومەوە و جەســتەم زۆر لاواز بو، هاوڕێ و دەوروبەریشـم رێنماییان کردم کە بڕۆم حەپ بەکاربهێنم بۆ گەڕانەوەی کێشم».

(لانــە) ناونیشــانی دەرمانخانەیەکــی گیایی دەدەنێ بۆ ئەوەی لەوێ «حەپی بــاش هەیــە« و بیکرێت، پــاش کڕینی حەپەکــە زیانەکانــی بــە جەســتە و دەرونیەوە دەردەکەوێت.

وتی: حەپەکە لەگەڵ ئەوەی زۆر لەناکاو قەڵــەوی کردم، هاوکات دەموچاویشــی بەڕادەیەکی زۆر تێکدام، ئەمە سەرباری ئەوەی توشی خەمۆکیەکی زۆری کردم.

کێشــەی بەکارهێنانی ئەمجۆرە حەپانە ئەوەیە، کــە ئەگەر تارادەیەک ســودی هەبێــت لــەوەی قەڵەویــان بــکات، ئــەوا لێکەوتــە و کاریگەریــی دیکــەی تەندروستی دەبێت.

کاژین ئەحمەد، یەکێکی ترە لەو کچانەی بەهــۆی خواردنــی حەپــەوە روبــەروی زیانــی زۆر بوەتــەوە. بــۆ (نەوژیــن) وتــی: زور حــەزم دەکرد کێشــم زیاتر بێــت، هەربۆیە پەنام بۆ خواردنی حەپ برد بــۆ زیادکردنــی ئــارەزوی خواردن «شــهیە» کە لە دەرمانخانەیەک کڕیم، بــەڵام وردە وردە هەســتم بە تێکچونی باری تەندروستیم دەکرد، سەرەنجام بە لێدانی ١٢ دەرزی، تەندروســتیم جێگیر بویەوە.

«بــۆ ریش چو سمێڵیشــی نایە بان»، ئــەم پەنــدە رێــک لەگەڵ یەکێــک لەو ژنانەدا هاتە دی کە پەنای بۆ خواردنی حەپی قەڵەویی بردوە.

نەســرین عەلی، بۆ (نەوژیــن) دەڵێت: «زۆر لاواز بوم لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکم دەبینــی بەکاریان دەهێنا و کێشەشــی نەبو، وتم با تاقی بکەمەوە، بەڵام دواتر روبەڕوی زۆر زیــان بومەوە، بەتایبەتی کە بــوە هۆی تێکدانــی هۆرمۆنەکانم و زیادکرنی موی دەموچاوم».

بە رای پزیشکێک مەسەلەی قەڵەوبون، هۆکار و رێکاری خۆی هەیە و ســەرەتا ژنان دەبێت بزانن بۆ وان؟

د. ســەرکەوت داود، پزیشکی پسپۆڕی دڵ و بۆڕیەکانــی خوێن، دەڵێت: «هەر کەســێک بیەوێــت قەڵەو بێت ســەرەتا دەبێــت بزانیــن ئەمــە خــۆی زەعیفــە یان بونیادی جەســتەی پێویســت بەوە دەکات قەڵەو ببێت یاخود نا؟».

وتیشــی: قەڵەوبون تەنهــا بەیەک رێگا دەبێــت، ئەویش رێگای سروشــتیە کە ئەویــش بەتەنها لە رێگــەی خواردنەوە دەبێــت، هەرچــی لاوازبــون و کێــش کەمبونیشــە، ئــەوا هــۆکاری هەیــە و پێویســتە کەســەکە پێــش ئــەوەی دەستبداتە هەر چارەسەرێک پشکنینی پێویستی بۆ بکات.

ئــەو پزیشــکە پێیوایە بەگشــتی حەپ و چارەســەرە پزیشــکیەکانی قەڵەویی، لێکەوتــە و کاریگەریــی لاوەکــی و هی تری هەیــە، نمونەی حەپێک دبێنێتەوە بەنــاوی (دیکســۆن) کــە ماوەیــەک بەربڵاوبوە لەناو ژنان دا، بەڵام بەوتەی خــۆی مرۆڤ توشــی فشــاری خوێن و شەکرە و ئێسکە نەرمە دەکات.

---

# قۆڵۆن.. ئەو نەخۆشیەی ژنان دو هێندەی پیاوان توشی دەبن



**هۆکاری سەرەکی قۆڵۆن گرفتی دەرونی و خۆراکیە**

**نەخۆشی قۆڵۆن چارەسەری تەواوەتی نیە**

▪ نەوژین،
ئامادەکردنی: ئامینە محەمەد

**قۆڵۆن (Irritable bowel syndrome) یەکێکە لە نەخۆشیەکانی کۆئەندامی هەرس بەتایبەتی ریخۆڵە گەورە، هەڵاوسانی قۆڵۆن بە یەکێک لە کێشە هەرەباوەکانی مرۆڤ دادەنرێت، نەخۆشییەکە زیاتر توشی ئەو کەسانە دەبێت کە تەمەنیان لە نێوان (١٥-٤٥) ساڵان دایە، هەروەک ژنان دو هێندەی پیاوان توشی ئەم نەخۆشییە دەبن.**

هۆکاری ســەرەکی رودانی هەڵئاوسانی قۆڵــۆن بــۆ گرفتی دەرونــی و خۆراکی دەگەڕێتــەوە، یەکەمیــان پەیوەنــدی بەبەســتنەوەی تۆڕێکــی دەمــارەوە هەیــە کــە راســتەوخۆ بــە مێشــکەوە بەستراونەتەوە، کاتێک کەسەکە توشی بارێکی دەرونــی ناهەموار دەبێت، تۆڕە دەمارەکانــی دەوروژێــن و دەبنــە هۆی ئەوەی قۆڵۆن بەناڕێکی کارەکانی خۆی بکات.

جــۆری دوەمیــش کاتێــک رودەدات کە خۆراکەکــە بەباشــی لەنــاو ریخۆڵەکان هــەرس نابێــت و دەگاتــە قۆڵــۆن، لە نێــو قۆڵۆنیــش دا بەکتریــا خۆراکــە هەرســنەکراوەکە شــیدەکاتەوە و بــەو هۆیەش کەســەکە سکی توشی ئاوسان و باکردن (غازات) دەبێت.

* نیشانەکانی نەخۆشی قۆڵۆن

نیشــانەکانی ئەم نەخۆشــییە لە هەمو توشــبویەکدا وەکو یەک نیــە، زۆربەی توشــبوان نــۆرەی ئازاریــان هەیــە لە خوارەوەی ســک و دەوروبــەری ناوک، زوزو ســکیان هەڵدەئاوســێت و گاز دەکات.

لەگــەڵ ئــەو نیشــانانەدا بەشــێک لــە توشــبوان زوزو توشــی ســکچون دەبن و بەشــێکی دیکەیــان قەبــزی گرفتــی سەرەکییانە.

هەروەک تێکچونی خەو و دابەزینی کێش لە نیشانەکانی تری ئەم نەخۆشیەن.

* رێگاکانی خۆپاراســتن لە نەخۆشــی قۆڵۆن

١. دورکەوتنــەوە لە خــەم و خەفەت و دودڵی «قەلەقی».

٢. گرنگیدان بە خۆراکی تەندروســت و میوە و سەوزە.

٣. دورکەوتنــەوە لــە خۆراکــە پاقلەمەنیەکانــی وەک: (نــۆک، لۆبیا، فاســۆلیا و نیســک و ...هتــد)، لەگەڵ دورکەوتنــەوە لــەو خۆراکانــەی لــە گەنــم دروســت دەکرێن وەک: ســاوەر، گەنمەکوتاو و کفتە.

٤. دورکەوتنــەوە لــە خواردنــی شــیر، چونکــە مــادەی لاکتــۆزی تێدایــە کە بەهۆکاری سەرەکی بۆ ناڕێکی کارکردنی قۆڵۆن ناسراوە.

٥. زۆر ئاو خواردنەوە.

٦. دورکەوتنــەوە لــەو خۆراکانــەی کافاینیان تێدایە.

٧. دورکەوتنەوە لە مادە کحولییە کان.

* چارەسەر

نەخۆشــی قۆڵۆن چارەسەری تەواوەتی نیــە، هەربۆیە دروســتتر و باشــترە کە لە بري چارەسەر، رێگاکانی خۆپاراستن بگرینەبــەر کــە لەســەرەوە ئاماژەمــان پێداوە.

هەروەها دەتوانرێت بە رێنمایی و بڕیاری پزیشکی پسپۆڕ، هەندێک دەرمانی دژە ئازار بەکاربهێنرێت بۆ لابردنی ئازار یان ئەنتی بایۆتیک بۆ دژی بەکتریاکان.

# چۆن بەبێ ئارایشت جوان و سەرنجڕاکێش دەرکەوین؟

■ نەوژین،
ئامادەکردنی: سێوە محەمەد

**ئەگەر لە ئارایشت کردن بێزاری، بەڵام دەتەوێت روخسارێکی سروستی و جوانت هەبێت، ئەم نهێنیانە بەکاربێنە و بەبێ ئارایشت ببە خاوەنی پێستێکی جوان و سەرنجڕاکێش.**

لەم رۆژگارەدا بۆ ئەوەی شیک و سەرنجڕاکێش دەرکەوی، پێویست ناکات ئارایشتێکی زۆر بکەیت، بەڵکو جوانی لە سادەیی بوندایە، لەجێی ئارایشتی زۆر بەدوای سەلامەت و تەندروستی پێستانەوە بن، مەرجی سەلامەتی پێستێکی تەندروست و دروشاوەیش بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی ئارایشت و خواردنی تەندروستە.
دەتوانیت سود لەم خواردنانە وەربگرێت بۆ ئەوەی ببیتە خاوەنی پێستێکی جوان و سەرنجڕاکێش.

**١. لیمۆ**
یەکێکە لە رێگا ئاسان و سروشتییەکان کە دەتوانرێت چارەسەری عەیبەکانی پێستی پێ بکرێت و یارمەتی جوانکردنی رەنگی پێست و رەونەقدارکردنی دەدات. ئاوی لیمۆ بدە لە دەموچاوت بۆ چەند خولەکێک وازی لێبێنە، پاشان بەئاو بیشۆ، ئەمە یارمەتی سپیکردنەوە و لابرنی پەڵەی روخسار دەدات و هەروەها دەتوانی بۆ سپیکردنەوەی دانیش بەکاری بێنیت.

**٢. پرتەقاڵ**
بۆ نەرمکردن و ناسککردنی پێستی دەست، سود لە رۆنی توێکڵی پرتەقاڵ وەربگرە، دەتوانیت شەوان بەکاری بێنیت و بەیانی بە ئاو بیشۆیت.

> **مەرجی سەلامەتی پێست بەکارنەهێنانی ئامرازەکانی ئارایشتە**

هەروەها ئاوی پرتەقاڵیش سەرڕێژە لە ڤیتامین سی بۆ پێستی روخسار زۆر بەسود دەبێت.

**٣. قەیسی**
میوەیەکی پڕ ڤیتامینە بەتایبەتی دەوڵەمەندە بە ڤیتامین (A) کە خۆراکێکی گرنگی قژە و رێگە لە هەڵوەرینی دەگرێت.

**٤. مانگۆ**
پڕە لە کالیسیۆم و خۆراکێکی گرنگە بۆ ددان، هەروەها بۆ بەهێزکردنی ددانەکان سودی زۆری هەیە.

**٥. هەنجیر**
یارمەتیدەرە بۆکەمکردنەوەی چەوری پێست و جەستە، دەتوانی بەکاریبێنێت بۆ کەمکردنەوەی نەهێشتنی زیپکەی روخسار و سپیکردنەوەی پێستی روخسار.

**٦. شیلیک**
بۆ لابردنی چرچ و لۆچی و رەونەقدارکردنی پێست بەسودە، هەندێک لە شیلیک بکە بە شەربەت و بەیانیان و ئێواران روخسارتی پێ چەور بکە و پاشان بیشۆ، لە ئەنجامدا پێستێکی جوان و رەونەقدارت پێدەبەخشێت.

**٧. خەیار**
سودی زۆری هەیە بۆ کەمکردنەوەی چەوری پێست و چارەسەرە بۆ رزگاربون لە چرچولۆچی و لابردنی خاڵە رەشەکانی سەر پێست.

**٨. سرکە**
سودی زۆری هەیە بۆ نەرمی و بریقەدارکردنی قژ و رزگار بون لە کرێشک، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانی کەمێک سرکە بدەی لەقژت لەکاتی شۆردنیدا، بۆ خواردنیش دەتوانی لەگەڵ ژەمە خواردنەکانت دا هەرجارەو دو کەوچکی لێ بخۆیتەوە، چونکە بۆ پێست و خۆلاوازکردن سودی زۆری هەیە.



# ئیسپانیا دەبێتە پێشەنگی ئەوروپا لە زۆری ژنانی پارلەمانتار



■ نەوژین

**شانشینی ئیسپانیا بوە یەکەم وڵات لەسەر ئاستی کیشوەری ئەوروپا لە زۆری ژمارەی ژنانی پارلەمانتار و بەمپێیەش پێشی بە زۆر وڵات دایەو، لەنێویاندا سوید.**

پارلەمانی نوێی ئیسپانیا کەلە مانگی ئایاری ئەمساڵ دا دەستبەکاربو و ئەندامەکانی سوێندنی یاساییان خوارد، بۆ یەکەمجار لە مێژویدا ژمارەی ژنانی پارلەمانتار تیایدا نزیک بویەوە لە نیوە، بەمەش پێشی هەمو پارلەمانەکانی دیکەی کیشوەرە پیرەکەی دایەوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوە بەچەند وڵاتێکی تر.
لەم پارلەمانە نوێیەدا، ژمارەی ژنانی پارلەمانتار ١٦٥ کەسە لە نێو ٣٥٠ پارلەمانتار، بەمپێیەش رێژەی نوێنەرایەتی ژنان لەو ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەدا گەیشتە ٤٧٪.
ئەم رێژەیەش نەک هەر لەو وڵاتەدا بێپێشینەیە، بەڵکو لەتەواوی کیشوەری ئەوروپاش ئیسپانیای کرد بە پێشەنگ لە زۆری ژمارەی ژنانی پارلەمانتار.
رێژەی نوێنەرایتیکردنی ژنان لەو وڵاتەدا رۆژ دوای رۆژ لە بەرزبونەوە بوە، لە خولی پێشودا رێژەکە ٣٩٪ بوە، ئەمجارەیان ٨٪ رێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان زیادیکردوە.
ئەم زیادبونەش پاش ئەو هەموارکردنە هات کە حکومەتی رابردو کە ئاراستە سۆسیالیستی بو، لە یاساکانی هەڵبژاردن دا کردی، بەوەی پارتەکانی ناچار کرد ٤٠٪ی پاڵێوراوەکانیان لە رەگەزی مێینە بن.

> **رێژەی نوێنەرایەتی ژنان لەو پارلەمانە ٤٧٪**

ئەگەرچی ئیسپانیا بەم کارەی پێشی بە زۆرینەی وڵاتانی جیهان و بەتایبەت هەمو وڵاتانی ئەوروپای داوەتەوە، بەڵام هێشتا لە چاو هەندێک لە وڵاتانی دیکە لەدواوەیە، لەوانە: کوبا، بۆلیڤیا، مەکسیک و رواندا.
بونی ئەو ژمارە زۆرەی ژنان لە پارلەمانی ئیسپانیا دا، بە مانای ئەوەنایەت رەوشی ژنان لەو وڵاتەدا تەواو جێگیرە و هیچ ئالەنگارییەکیان روبەڕو نابێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە وەک زۆر ناوچەی دیکە و لەگەڵ هەڵکشانی تەوژمی پارتە راستڕەوە توندئاژۆکان و پارتە پارێزگارەکان، مەترسی لەسەر پرسی ژنان و یەکسانی رەگەزییش هەیە، بەتایبەت کە پارتی (فوکس)ی پارێزگار کە کەمترین ژنی پارلەمانتاری هەیە، دەیەوێت هەندێک لەو یاسایانە دەستکاریی بکات کە لەو وڵاتەدا هەن و تاڕادەیەکی زۆر یەکسانی رەگەزییان پاراستوە.

## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
یەکەم ژمارەی لە ٢٠١٦/١٢/٢٦ دەرچوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردووە پاشان وێبسایتێکی داناوە.
رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.
رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆ ئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.

بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە

تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠

ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com

فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن

www.radiodang.org

# خەنەبەندان برەو پەیدا دەکاتەوە









■ نەوژین، خۆشبین جەلال

**شەوێکی جیاواز بو بۆ (ناسک) کە بەقسەی خۆی هەرگیز لەیادی ناکات، کاتێک هەمو کەسە نزیک و خزم و هاوڕێکانی لەچواردەوری دا کۆبونەتەوە بۆ ئاهەنگگێڕان پێش چونە نێو کەژاوەی هاوسەرێتی، لە شەوێک دا کە بە «خەنەبەندان» ناسراوە.**

«خەنەبەندان» نەریتێکی کۆنی کوردەوارییە و لەمێژەوە بونی هەیە، ئەگەرچی زانیارییەکی تەواو لەبەردەستدا نیە لەوەی لەکەیەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە زۆر تێکست و قسەی سەرزاری فۆلکلۆرییشدا ناوی هاتوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ دێرینیی ئەم نەریتە.

بەکورتییش خەنەبەندان بریتییە لە ئاهەنگێکی بچوککراوە کە لەنێو ماڵی بوکێ دا شەوێک پێش گواستنەوەی ئەنجام دەدرێت، تیایدا کەسوکار و هاوڕێ و خزمەکانی بوکێ و هەندێکی ماڵی زاواش کۆدەبنەوە و ئاهەنگ و شادی دەگێڕن و دەستی بوکێ لە خەنە دەنەن.

ئەم نەریتە لە چەند دەیەی رابردودا روی لە کەمبونەوە کرد تا ئاستی لەناوچون، بەڵام چەند ساڵێکە جارێکی تر برەوی پەیدا کردوەتەوە، بەشێوەیەک کەم بوک هەیە ئێستا خەنەبەندان نەکات.

بەهۆی ئەوەی ئاهەنگی خەنەبەندان بچوک و سنوردارە و بەزۆریی لە شەویشدا دەکرێت، هەربۆیە ئەمەش تام و چێژێکی جیاوازی پێداوە بەلای بوکێوە.

ناسک مەحمود، ٢٢ ساڵ، ئەگەرچی لەسەر کورسییەک دانیشتبو، بەڵام لەناو ئاپۆڕای کەسوکار و هاوڕێ و خزمەکانی دا بە جلی کوردیی و تارای سەرییەوە جیاواز دەردەکەوت، نەیدەتوانی ئەو هەستی خۆشحاڵییەی کە هەیەتی بیشارێتەوە.

بۆ (نەوژین) وتی: «هەستێکی زۆر خۆشم هەیە، زۆرم حەز لە خەنەبەندان بو کە بیکەم، سوپاس بۆ خوا دەرفەتم بۆ رەخسا».

ئەو تازە بوکە هێمای بەوەکرد کە وەکو نەریتێکی کۆنی کوردەواریی، حەزی لە خەنەبەندان کردوە و ویستویەتی بە زیندویی رایبگرێت، بەتایبەتی کە لەم ماوەیەدا بونی کەم بوبویەوە و تارادەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتبو.

پێش ئەوەی (ناسک) بێتە ژورەوە، ژورەکە بە جوانترین شێوە ئامادە کرابو. مێزێک رازێندرابوەوە بە گوڵ و چکلێت و کێک و شەربەت و شیرینی دیکە، دو قاپ خەنەش لەسەری جێی خۆیان گرتبو. لە تەنیشت مێزەکەدا کورسیەکی تایبەت بۆ بوکێ ئامادە کرابو، بە دەوریشیان دا ژنان و کچان کۆببونەوە، بە دەستە جلە کوردییەکانیان ژورەکەیان هێندەی تر رەنگاوڕەنگ کردبو. هەمو چاوەڕێی هاتنە ژورەوەی بوک بون. زۆری نەبرد (ناسک)ی بوک بەجلێکی نوێی کوردییەوە و بە تارای سوری سەریەوە کە دیمەنی شۆخە ژنێکی ئەفسانەیی دەدا، هاتە ژورەوە. ئەم جوڵەیە بەس بو بۆ ئەوەی دەنگیی هەڵهەڵە و چەپڵەلێدان درِ بە چاوەڕوانی و بێدەنگییەوە بنێن، بەدوایشی دا هاتوهاواری خۆشیی و گۆرانی وتن دەستی پێکرد.

ئەم دیمەنە، بەلای (باخان)ەوە کە بەشداربویەکی ئاهەنگەکەیە و خزمی بوکێیە، ساتێکی لەبیرنەکراوی تایبەتە. باخان محەمەد، ٢٤ ساڵ، وتی: «خۆشترین بەشی ئاهەنگەکە ساتەوەختی هاتنەژورەوەی بوک بو، کە هەموان دەستیان بەشادی و خۆشی کرد و پاشان وێنەی یادگاریمان لەگەڵ بوکدا گرت و دواتر دەستی هەمومانی لە خەنە نا».

نەریتی خەنەبەندان بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتوە، بەڵام جەوهەرەکەی کە لەخەنەگرتنی دەستی بوک و هەندێکی تر لە بەشدارانە، هێشتا وەکو خۆی ماوەتەوە.

لە پێشتردا بوکێ سەراپای دەستی لەخەنە دەگیرا، ئێستا بەشێکی دەست و بەتایبەتی ناولەپی هەردو دەستی خەنەی تێدەکرێت، دەشبێت ئەو خەنەیە خودی زاوا یان خوشکێکی زاوا بیکاتە دەستی بوکێ و بۆ ماوەیەک بوکێ دەستی بە داخراوی دەهێڵێتەوە هەتا خەنەکە کاری خۆی بکات و ناولەپی رەنگ بکات و پاشان لایدەبات.

ئەم سروتە تایبەتە بە ژنان و هەرئەوانیش چێژی تایبەتی و زیاتری لێدەبەن، بەشێوەیەک هاوبەشیی ئەو دڵخۆشییە دەبن کە بوکێ هەیەتی.

نیگار مەحمود، ٣٠ ساڵ، خوشکی (ناسک)ی بوک بو، باسی لەوە کرد کە خوشکەکەی حەزی لە خەنەبەندان بوە و ماڵی زاواش بەهەمانشێوە، بەوهۆیەوە ئەم ئاهەنگەیان ساز کردوە کە ژنانی خزم و ناسیاریان بۆی بانگهێشت کردوە.

شەیدا عەلی، ٢٧ ساڵ، بەشداربویەکی تری خەنەبەندانەکەی (ناسک) بو، باسی لەوەکرد کە بەوپێیەی ئەم بۆنەیە لەناو بنەماڵەکەیاندا لە مێژە بونی هەیە، بۆیە چێژی تایبەتی لێدەبینێت. وتی: «لەبنەماڵەی ئێمەدا هەر بونی هەبوە کە بۆ کچانی بنەماڵەکەمان لەکاتی هاوسەرگیریی دا ئەنجامی دەدەین».

خەنەبەندان لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردو و دواتری دا بەکاریگەری ئەو شەڕ و کارەسات و تاوان و دۆخە ئابوریەی بەسەر کورد دا هات، رێژەکەی لەگەرمیان روی لە کەمبون کردبو، ئێستاش ئەگەرچی برەوی پەیدا کردوەتەوە، بەڵام هێشتا خێزان هەیە کە نایەوێت ئەنجامی بدات.

سنەوبەر ئەحمەد، ٢٥ ساڵ، باسی لەوەکرد کە لەکاتی هاوسەرگیریی دا زۆر حەزیکردوە خەنەبەندان بکات کە بەوتەی خۆی «خەونی هەمو کچێکە کە پێش گواستنەوەی لەگەڵ هەمو خزمەکانیدا کۆببێتەوە و ئاهەنگ بگێڕێت»، بەڵام بەوهۆیەی لە دابونەریتی خێزانی زاوادا نەبوە، نەیتوانیوە ئەنجامی بدات.

ئەم سروتی خەنەبەندانەی لەوەی (ناسک) دا بینیمان، لەگەڵ ئەوانەی رابردودا جیاوازیەکی ریشەیی ئەوتۆی نییە، ئەمیش بەوتەی پورە (عەتێ).

عەتیە سدیق، ٦٠ ساڵ، ژنی ماڵەوەیە، باسی لە چۆنیەتی گێڕانی خەنەبەندان لە رابردودا بۆ کردین «کچانی خزم و ناسیار دەنگ دەکران و هەموان جلی کوردیان لەبەر دەکرد بە بوکیشەوە، تارای سوریان ئەدا بەسەر بوکدا و هەموان لەچواردەوری دا کۆدەبونەوە، قاپێک خەنەیان دەگرتەوە و دەستی بوکیان دەنا لەخەنە و بە پارچە قوماشێک دەیان بەست و دەبو تابەیانی بەدەستیەوە بێت، پاشان دەستی هەمو ئامادە بوانیان لەخەنە دەنا و لولەکی خەنەیان بەسەر ئامادە بواندا دەگێڕا و هەرکەسێک بەپێی توانا پارەی دادەنا و هەموان لەدەوری بوک دەستیان بەهەڵپەڕین و شایی دەکرد و تا درەنگانی شەو ئاهەنگەکە بەردەوام دەبو».